بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی شەشەم ژمارە (133) بەرواری 15-11-2022 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...


بەشی شەشەم

کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق ...ل2

## وتەی ژمارە

## خەڵکی ئازادیخوازی ئێران پێویستیان بە پشتیوانی زۆرتری دنیای ئازادیخواز و ئینسانی هەیە!!

**عەبدوڵا مەحمود**



رژێمی لەسەرەمەرگی جمهوری ئیسلامی لەبەرامبەر بە خۆپیشاندانی جەماوەری لەشارەکانی کوردستان و سەراسەری ئێراندا، دەستی داوەتە گرتن و زیندانیکردن و کوشتنی خۆپیشاندەران، کە تائێستا بەسەدان لە خۆپیشاندەران گیانیان لەدەستداوە بە هەزاران بریندار بوون و دەیان هەزارکەسیش خراونەتە کونجی زیندانەکان و دەیان کەس لە ژێر شکنجەی جەلادەکانی ئیسلامدا گیانیان سپاردووە، هەروەها هەرەشە لە نووسەر و هونەرمەند و ئەکتەر و وەرزشکار و کەسایەتییە سیاسییە ئازادیخوازەکان و قەدەغەکردنی سەفەر و دەست بەسەرکردن درێژەی هەیە... رژێمی جمهوری ئیسلامی دەیەوێت لە ڕێگای ترس و تۆقاندن و زەبروزەنگی خوێناوییەوە، دەسەڵاتی بەخوێن نووسراو و بە زیندانی تۆمارکراو بە بەندیخانەکردنی جەماوەری لە ئێران، دەسەڵاتی نەنگینی خۆی بپارێزێت و ئەم دەسەڵاتە رابگرێت، کە مایەی شەرمە بۆ دنیای ئەم سەردەمە.

درێژە کێشانی خۆپیشاندانەکانی شارەکانی ئیران و رەوتی ئەم نارەزایەتی و راپەڕینە سەراسەرییە و رۆڵی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەرۆکی شۆرشگێرانەی هەستانی جەماوەری لە ئێران و ئەو دەستکەوتانەی تا ئێستا بەدەستی هێناوە، رەوتێکە گەرانەوەی بۆ نییە. وەستانەوە بەرووی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و رەمزەکانیدا، فڕێدانی حجاب و سوتاندنی، فرێدانی عەمامەکان، شکانی ترسی جەماوەری لە زەبروزەنگی رژێم، هاوئاهەنگی نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، سەراسەری بوونی، خۆراگری وبەدەستەوە گرتنی داهێنانی نوێ، بەدەستەوەگرتنی مینبەری مزگەوتەکان لەلایەن رابەران و هەڵسوڕوانی راپەرینەوە بۆ هاندانی جەماوەر لە جێگای وتەی مەلاکان و ژەهرڕێژکردنی کۆمەڵگە، مۆرکی ئینسانی و ئازادیخوازانەو کەنار خستنی ناسنامە قەومی و عەزمەتەڵەبی باڵەکانی بۆرژوازی ئۆپۆزیسیۆن و وەڵامدانەوەی بەکردەوە بە پرۆژەو دروشم و هەوڵەکانیان بۆ شەقکردنی نارەزایەتیەکان، خۆشباوەرنەبوون بە درۆی ئەمریکاو غەرب، بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی جیهانی و بزوتنەوە ئازادیخوازەکان، گۆرانی هاوسەنگی هێز بە سودی جەماوەری، پەرەگرتنی ترسی رژێم لە

بۆ لاپەڕە 2

## سزای زیندانی چوار ساڵ بۆ هەردوو تازە لاو "سابیر ئەحمەد و عەبدوڵا هیوا" نیشانەی پوچی دادگاو یاسایە!

هەشتی ئەم مانگە دادگای نەوجەوانانی کەرکوک/گەرمیان سزای ٤ ساڵ زیندانی بەسەر تازە لاو سابیر ئەحمەد و عەبدوڵا هیوادا سەپاند بە تۆمەتی بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٢٢ و وە سوتاندن و زیان گەیاندن بە موڵکی گشتی... وە دادگا لە جێگای یاسای خۆپیشاندان، مادەی ٣٤٢ یاسای سزادانی عیراقی بەدەستەوە گرتووە، لە کاتێکدا هەردوو تازە لاوەکە بە تۆمەتی بەشداری و زیانگەیاندن بە مولکی گشتی لە خۆپیشاندانەکاندا تۆمەتبار کراون.



بۆ لاپەڕە 3

## خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەپێناو مافەکانیاندا دەستیان دایەوە خۆپیشاندان!

١٣ ی ئەم مانگە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و کەمپی نوێ زانکۆ و پەیمانگای تەکنیکی لە درێژەی نارەزایەتیەکانی پێشویاندا و بۆ ئەو داخوازییانەی هەیانە جارێکی دەستیان داوەتەوە خۆپیشاندان... داخوازییەکانی خوێندکاران پێکهاتوون لە زیادکردنی دەرماڵە، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و باشکردنی بەشە ناوخۆییەکان، کرێی پارالیل، کۆتاییهێنانی بە دەستیوەردانی حزب لە زانکۆ، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی کۆلیژەکان، دەستکردن بە چاکسازی و گورینی مەنهەجی خوێندن، کە لەگەڵ دنیای ئەم سەرەمە بگونجێت....



بۆ لاپەڕە 3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامی وعەلی قەرەداخی لە بەرەی....ل4
* هاوژین جاف قوربانی بۆ مامەڵەیەکی گەورەتری نیوان پارتی و ......ل4
* کۆنگرەی ١٤ی پارتی، مانەوەی گرفتەکانی بەردەم دەسەڵات...........ل5
* شیکارییەکی کورتی کتێبی 'بنەماکانی کۆمۆنیزمی'......................ل6

## دۆسیەی ژمارە " ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئاییندەکەی "







### هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف، ئاسۆ شابان، فاتیح عەباس... وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...

ل10-11-12-13

پرسی ژن ل7 گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8_9

## درێژەی وتەی ژمارە

سەرەنگریَ بوون... ئەو دەستکەوتانەن کە تائیستا بەدەست هاتوون. لەو نێوەدا دنیای دەرەوە بۆتە مەیدانێکی گرنگی پشتیوانی لە خۆپیشاندان و راپەرینی ئیران لەناوخۆدا و ئەمەش دەسەڵاتی ئاخوندەکانی لە ئێران هەراسان کردووە.

حزب و ڕیکخراوە سیاسییەکان بە گشتی چەپ و کۆمۆنیست و هێزە ئازادیخوازەکان و جەماوەرێکی یەکجار بەرینی تینوی ئازادی و پەرتەوازەی دەستی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەو بیمافی ئاخوندەکان لە ئێران، لە دنیای دەرەوەدا رۆڵی بەرجەستەیان لە پشتیوانی لە راپەرینی ئیران هەیە... کەم رۆژ و هەفتەیە هەیە ناوەند و سەنتەری شارەکان نەبنە نمایشی کۆبونەوەی جەماوەری و پشتیوانی لە خرۆشانی خەڵکی ئیران... کە ئەمە هیز دەبەخشییتە جەماوەری راپەریووی ئیران و هەست بە پشتیوانیەکی گەورە دەکەن، بەڵام چۆن لە ئیران و کوردستاندا، بزوتنەوەی نارەزایەتی بەردەوامەو پیشرەوی دەکات و داهێنانی نویَ لەخۆی نیشان دەدات، پێویست دەکات لە وڵاتانی دنیای دەرەوەش شێوازی پشتیوانی لە خەڵکی ئیران سەنگەری تر بەدەستەوە بگرێت... کۆبوونەوە و دوبارە کۆبونەوە لەسەنتەری شارەکان و بەتەنها ناتوانێت وەڵامگۆی ئیستای بزوتنەوەی نارەزایەتی لەناوخۆی ئێراندا بێت...بەڵکو پێویستە ئۆردی نارازی لە جمهوری ئیسلامی، هێزەکەی خۆی لە بەردەم سەفارەتخانەکانی جمهوری ئیسلامی کۆبکاتەوە و هەوڵی دەستبەسەراگرتن و داخستنیان بدەن، دیارە بەهەمان شێوە پیویستە کۆبونەوەی سەنتەری شارەکان ببرێتە بەردەم پەرلەمان حکومەتی ئەو وڵاتانە و داوای داخستن و سەفارەتخانەکان و برینی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی بکەن... دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی شەرعیەتی مانەوەی نەماوەو نابیَ پەیوەندی وڵاتانی دنیا لەگەڵی بەردەوام بێت و دەبیَ سەفارەتخانەکانی لە دنیای دەرەوە بە هۆکاری سەرکوت و کوشتن و سەرکوتی خوێناوی جەماوەری دابخرێن و سەرانیان بەتاوانی سەرکوت و کوشت و کوشتار بدرێنە دادگا...

جەماوەری تینوی ئازادی لە ئێران، پێویستی بە پشتیوانی بەرینتری جەماوەری لە دنیای دەرەوە هەیە، پییویستی بە پشتیوانی ڕیکخراو سەندیکا کریکارییەکان، ڕێکخراوەکانی بەرگری لەمافی ئینسان، و بزوتنەوەی نارەزایەتی لە وڵاتەکانی ناوچەکە هەیە... پێویستی بە هاوکاری مادی و مەعنەوی و لۆجیستیکی و میدیایی هەیە... پێوسیتی بە خستنەڕووی ناوەرۆکی دژە شۆرشی ناسیونالیستی کورد و ئیرانی هەیە، کە دەیانەوێت رژێم لە دارمان بپارێزن، یان بەرهەمی خەباتی ئیستای جەماوەری بدزن و بکەونە سەوداو مامەڵە لەسەرەوە لەگەڵ رژێمی ئاخوندەکان، یانیش نەخشەی کۆنەپەرستانە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لەجێگای دەسەڵاتی ئاخوندەکان بچنن.

بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەری لە ئێراندا، بەو ناوەرۆکە شۆرشگێرانەوە کە هەیەتی، بزوتنەوەیەکە تەنها دەتوانیَ پشت بە بزوتنەوە شۆرشگێر و ئینسانییەکان ببەستێت لە سەراسەری دنیاو ناوچەکەدا... ئەم بزوتنەوەیە هیچ نزیکیاتیەکی لەگەڵ رەوتە ناسیونالیستی و فاشیستی و سەلەتەن تەڵەبی و پاشماوەکانی پاشایەتی و ... نییە. بزوتنەوەیەکە ئیلهام لە ئازادیخوازی وەردەگرێت و رەوتی ئازادی و ئازادیخوازی لە دنیادا دەباتە پێشەوە. هێزو رەوتە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکان دەتوانن ئیلهامی لێوەربگرن و لە بەرامبەریشدا هیزو رەوتە ناسیونالیست، ئیسلامییەکان و نەتەوەپەرستەکان، رووبەڕووی پاشەکشەو لاواز بوون دەبات. ئەوەی حزب و لایەنە سیاسی و ئازادیخوازەکان بە خەباتی دەیان ساڵە دەیانەوێت کۆمەڵگە بەرەوە کرانەوە و ئازادیخوازی ببەن، و ئاڵوگۆڕی شۆرشگێرانە بەدی بهێنن، ئەوا بە روخاندنی جمهوری ئیسلامی بەدی دێت و کەشی خەبات بۆ هیزە چەپ و کۆمۆنیستەکان ئاوەڵاتر دەکات و ژینگە بۆ باڵاکردنی بزوتنەوە کریکاریی و ئینسانیەکان لەبارتر دەکات.

ئومێد بەستن و پشتیوانی کردن و هاوکاریکردنی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەری لە ئێران و دۆزینەوەی رێگای مەیدانەکانی پشتیوانی لەم بزوتنەوەیە، یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی رەوت و هیزە چەپ و کۆمۆنیست و سیاسییە شۆرشگێر و پیشکەوتنخوازەکانە... بەهەر ئەندازە بزوتنەوەی سەرنگونی جمهوری ئیسلامی ئیران بچیتە پێشەوە، بەهەمان ئەندازە رەوت و لایەنەکانی نزیک لە جمهوری ئیسلامی و رەوتە ئیسلامیە سیاسی و سەلەفیەکان، مەیدانیان لیَ بەرتەسک تر دەبێتەوە، ژنان و لاوان هەناسەی ئازادی هەڵدەمژن و ئومێد بە رزگارییان باڵا دەکات... بۆیە دەبێت بەهەموو جۆرێک پشتیوانی لە راپەرینی خەڵکی ئێران بکرێت و کەناڵەکانی هاوکاری کردنی ئەم جوڵانەوەیە بەدەستەوە بگیریت.

**ناوەراستی نۆفەمبەی ٢٠٢٢**

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

بەشی شەشەم

## کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبیَ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانیَ خۆی بە پێوە ڕابگریَ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەنداریێتی و دەسەڵاتداریێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامرازە فیکری و کەلتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەمدەدرێت و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندی نێوان کالاکانە. جێوشوێنی ئینسانەکان لە پەیوەند بە خاوەنداریێتیەوە پلەوپایە و بەهای ئەوان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگەی کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوودا، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئاڵا و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتەوە.

بیروباوەڕی زاڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام باڵادەستی و کۆنترۆڵی فیکری و کەلتووری و ئەخلاقیی بۆرژوازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا لە ڕووی مەودا و قووڵیەوە بێوێنەیە. شۆڕشە زانستی و تەکنیکی و پیشەسازیە مەزنەکانی دووسەد ساڵی ڕابردووو میکانیزمی بەهێزی بازاڕ کە هەموو سنورێکی میللی و ڕەگەزی و سیاسی و کەلتووری بەزاندووە، ئیمکاناتێکی بەرینی خستۆتە بەردەستی بۆرژوازی بۆ پاراستنی باڵادەستیی ئایدۆلۆژی و ڕەواج پێدانی پرەنسیپ و بیروباوەڕە خورافیەکانی خۆی لە ئاستێکی جیهانیدا. لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی هزرو بیروبۆچوونیشدا، ڕێک وەکو قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی شمەک، توانای خوڵقێنەرانەی ئینسان بووەتە چەکێک لە دژی خودی خۆی. ئەو داهێنان و پێشکەوتنە بێشومارانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە زەمینەی گۆڕانکاری لە شێوازە ئەدەبی و هونەریەکان، گۆڕانکاری لە میدیا بیستراو و بینراو و کۆمپیوتەریەکان و لە پەرەپێدانی مەیدانە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی کەلتووریدا ڕوویداوە، لە پلەی یەکەمدا، بووەتە مایەی بۆمبارانکردنی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵک بە بیروباوەڕە بۆرژواییەکان، لە شکڵ و شێوەی کاریگەرتر و ئاڵۆزتر و هەمەڕەنگتردا. سەرهەڵدانی هۆیەکانی پەیوەندی گشتی و ئەنفۆرماتیکی و تۆڕەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و لەم دوو دەیەی دواییدا، کە کۆکردنەوە و گواستنەوەی خێرای زانیارییان لە سەرانسەری جیهاندا زۆر ئاسان کردۆتەوە، بەدەستی بۆرژوازیەوە بوونەتە دامودەزگای زەبەلاحی پەخشکردنی زانیاری شێوێنراو و داسەپاندنی بیروباوەڕ و هەڵخڕاندنی خەڵکی لە ئاستی سەدان ملیۆنیدا. میدیا و پیشەسازیی نمایش، کە خۆیان لە پڕقازانجترین قەڵەمڕەوەکانی جموجۆڵی سەرمایەن، بەشێکی زۆر لە ئەرکە تەقلیدیەکانی دامەزراوەی خێزان و دەزگا دینیەکان و تەنانەت ئۆرگانەکانی سەرکوتیان لە کۆمەڵگە گرتۆتە ئەستۆ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینن لە پاراستنی ئەم هاوسەنگیە ئایدۆلۆژیەی لە کۆمەڵگە هەیە، لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و مەعنەویات و ئەخلاقییاتی زاڵ بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە پاوانکردنی فیکریی و لە قاڵبدانی مێشکیان، لە بەتاکخستنەوە و تۆقاندنیان و پوچەڵکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونە ڕەخنەگرانەکان لە کۆمەڵگە. ئەم دامەزراوانە و ئەم شێوە مۆدێرنانەی پاوانکردنی فیکریی و کەلتووریی کۆمەڵگە، کۆڵەکەیەکی سەرەکی سەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگەی بۆرژواییە، بەتایبەت لە هەلومەرجی قەیران و بێئاسۆیی و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی گشتیدا.

خەبات لە دژی بیروباوەڕ و دید و بۆچوون و ئەخلاقییاتی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە، لایەنێکی هەمیشەیی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەرکێکی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بووە...

**ماویەتی**

دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی شەرعیەتی مانەوەی نەماوەو نابیَ پەیوەندی وڵاتانی دنیا لەگەڵی بەردەوام بێت و دەبیَ سەفارەتخانەکانی لە دنیای دەرەوە

# درێژەی...سزای زیندانی چوار ساڵ بۆ هەردوو تازە لاو "سابیر ئەحمەد و عەبدوڵا هیوا" نیشانەی پوچی دادگاو یاسایە!

سزادانی ئەو دوو تازە لاوە، بەیاسای سزادانی عێراقی، خۆی تاوانێكی ئاشكرای دادگایە، بەرامبەر بە خودی دادگا و یاسا... حكومەتی بەعس گۆڕ بەگۆڕ بووە، كەچی یاساكانی بەعس بەشیوەی بەعسیانە بەسەر لاوان و خەڵكی كوردستاندا دەسەپێنن... ئەوە چ ویژدانیكە دادگاو ئەو دادوەرانە هەیانە بۆ سزادانی كەسانێک كە داوای ژیانێكی باشتر دەكەن و نارەزایەتی و خۆپیشاندان وەرێ دەخەن... مافی نارەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان بۆ ژیانێكی باشتر مافێكی سەرەتایی ئینسانی ئەم سەردەمەیە. لە هەموو خۆپیشاندانێكدا كە دەسەڵات دەست دەبات بۆ زەبرو زەنگ و توندوتیژی، بەناچار رووبەڕووی كارادنەوەی هاوڵاتیان دەبێتەوە و دەشی سوتاندن و زیان گەیاندن بە بارەگاو سەیارە و بینا... تاد، بكەوێت.

دادگا لەكاتێكدا بە پاساوی زیان گەیاندن بە موڵكی گشتی لاوانی هیوا خنكێنراو بە یاسای عێراقی سزای قورس دەدات، كە بەئاشكرا سەرە گەورەكانی دەسەڵات و حزب، هەرچی مولكی گشتییە بە سامانی ژێر زەوی و سەر زەویەوە، دەستیان بەسەردا گرتووەو لەسەر خۆیان و كەس و كاریان تاپۆیان كردووە. چاڵە نەوت و زەوی و لێرەوار و زەوی كشتوكاڵی تەنانەت هاوینەهەوار و ناوچە گەشتیاریەكان و تەنانەت شاخ و لیرەوارەكانیشیان تاپۆی دەسەڵات كردووە، كەچی دادگا و دادوەرانی میراتگری بەعس لە كوردستان زات ناكەن، دەست بۆ سزادانی ئەو سەرە زلانەی دزی ببەن و كەچی بێ گوێدانە هیچ پرانسیبێكی ئینسانی و ریزگرتن لەهەر یاسایەک كەمافی ئینسان لەبەرچاو بگرێت... لاوانێک سزای چەند ساڵە دەدات، كە هێشتا تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵەو هەرچی هیواو ئومیدیان هەیە خنكێنراوە...

تۆمەت سازكردن بۆتە باو لەلایەن دادگا حزبیەكان و دادوەرە ویژدان مردوەكان، بە سادەیی تۆمەت بۆ گیراوەكان دادەتاشن... گیراوەكانی بادینانیان بە تۆمەتی تێكدانی ئاسایشی نیشتمانی سزادا، لە كاتێكدا ئەوە دەسەڵات و بەرپرسەكانیانن، بارەگا و بنكەو بۆ هێزەكانی وڵاتانی ناوچەكە باندەكانیان دەكەنەوە، پێش لەشكریان بۆ دەكەن، هەڵسوراوانی ئۆپۆزیسیۆن رادەست دەكەنەوە، چاو ساغی بۆ گروپە ئینسان كوژەكانیان دەكەن... كەچی بۆ نووسەر و چالاكوانانێک كە بەدژی گەندەڵی و بێ موچەیی و بێ خزمەتگوازرییدا هاتونەتە مەیدان، تۆمەتی تێكدانی ئاسایشی نیشتیمانیان دەخەنە پاڵ... پێش دادگا سەرۆک بڕیار دەدات... ماوەی یاسایی سزاكەیان تەواو دەكەن كەچی ئازادیان ناكەن... دادگا و دادوەری گشتی و یاساش میش میوانیان نییە.

سزادانی ئەم دوو تازە لاوەش لە زۆنی سەوز و گەرمیاندا بە تۆمەتی زیان گەیاندن بە مولكی گشتی، ئەوە دەخاتە روو كە دەسەڵاتی حزبۆكراتی یەكێتی پارتی و یەک مۆدیل و كۆپی دەسەڵاتە سەركوتگەر و دژە ئینسانیەكانن.

سزای چوار ساڵ بۆ دوو تازە لاو بەپاساوی زیان گەیاندن بە بینا و سوتاندنی سەیارە، و بەدەستەوە گرتنی سزای بەعسیانە لە جێگای سزای خۆپیشاندان... تاوانێكە زۆر گەورەترە لە سوتاندنی چەندین بیناو سەیارە... وە ئەوە ناوەرۆكی یاساو دادگا دەخاتە ڕوو، كە یاساو دادگا لە ژێر سایەی دەسەلاتی میلیشیایی پارتی و یەكێتیدا حەربەیەكە بەدەست دەسەڵاتەوە بۆ بەرگری لە خاوەن كۆمپانیاو بەرپرسە حزبی و سەرمایەدارەكان و دزی و تاڵانی ئاشكرا و گورزێكیشە بۆ خەڵكی هەژار و نەدار و لاوانی نارازی.

خەڵكی ئازادیخوازی كوردستان و گەرمیان و دادوەرانی ئازاد و ویژدان زیندو پیویستە بە نارەزایەتی دەربڕین و گوشار هێنان بۆدەسەڵات، ئەو سزا قەرەقوشی و نارەوایە هەڵبوەشینەوە و هەر دوو تازە لاوەكە ئازاد بكەن و قەرەبوویان بكەنەوە. ئەگەر بە راستی یاساو سزایەک هەبووایە، ئەوە كاربەدەستانی حزب و دەسەڵاتن بە تۆمەتی دەیان بەڵگەی زیندو لەدزی و گەندەڵی و سەرانەسەندن و دەست بەسەراگرتنی مولک و ماڵی گشتی و پێش لەشكری و جاسوسی و دەیان تاوانی تر دەبوو بدرێنە دادگا، كەچی ئەوانەو ژن كوژ و خۆپیشاندەر كوژ و چاوساغ بۆ وڵاتان و باندەكانیانن ئازادن و لاوانی تیكۆشەریش بۆ ژیانێكی باشتر سزای قورس دەدرێن...

# درێژەی...خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی لەپێناو مافەكانیاندا دەستیان دایەوە خۆپیشاندان...

ماوەیەكی زۆرە خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی لە پێناو داخوازییەكانیاندا خەریكی كۆبونەوەو نارەزایەتی دەربرینن و سەرۆكی یەكێتیش لە كۆبونەوەیەكیدا وەكو خۆی رایگەیاند سەد سەعاتی لەگەڵ خوێندكاران كۆبوتەوەو بەڵێنی جێبەجێكردنی داخوازییەكانی پێدابوون، كەچی بەكردەوە داخوازی و داواكارییەكانی خوێندكاران جێ بەجێنەكراون دوبارەو چەند بارە ناچار بوون دەنگی خۆیان لە ئاستێكی تر و كۆمەڵگەدا بەرزبكەنەوە و داوا بكەن كە وەڵام بەخواستەكانیان بدرێتەوە... كەچی لە جێگای وەڵامدانەوە بە خواستەكانیان و جێ بەجێكردنی ئەو بەڵێنانەی كە پێشووتر پێیان دراوە، لەشكرێک لە هێزی ئەمنی و سەركوتكەر و غازی فرمێسک رێژ و بۆمبی دەنگیان بەدەستەوە گرتووە، بۆ بڵاوپێكردن و راوەدونان و ترساندنیان.

خوێندكاران پێویستان بە كەشێكی تەندوست و ئارام و دابینكردنی خزمەتگوزارییەكانە تا بتوانن سەلیقەی خوێندن و بەرزكردنەوەی توانای خوێندنیان هەبێت... بەڵام بەداخەوە دەسەڵات كەشێكی خولّقاندووە نائارام و بێ خزمەتگوزاری و لەوەش زیاتر شان خاڵی كردنەوە لە خواستی خوێندكاران...


نوێنەرانی خوێندكاران و بەشی پێشرەویان بڕیاریان داوە بەردەوام بن لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەكەیان تا داخوازییەكانیان بۆ جێ بەجێ دەكەن....

خۆپیشاندان و نارەزایەتی خوێندكاران لە كوردستان و سلێمانی لە ئێستادا كە خوێندكاران و زانكۆ و پەیمانگاكانی كوردستان و سەراسەری ئێران لە خەباتێكی بەردەوام و راپەرینیكی شكۆداردان بەدژی دەسەڵاتی تاریک و سەكوتگەری ئاخوندەكان، دەتوانێت ئیلهام لە ڕاپەرینی خوێندكارانی ئێران وەربگرێت و تەكانێكی بەهیز تر بدات بە توانایەكانیان... لەوەش زیاتر پێویستە خوێندكارانی هەرێمی كوردستان لە پێشیانەوە خوێندكارانی زانكۆ و پەیمانگاگان پشتیوانی لە ڕاپەرینی خەڵكی ئێران بەگشتی و خوێندكارانی زانكۆ و پەیمانگاكانی بەتایبەتی بكەن.

خوێندكاران و لاوان خاوەن هێزو جوڵەیەكی پڕ وزە و هاوكات بەرچاو رۆشنی و توانای دەستراگەیشتن بە پێشرەویەكان و دەستكەوتەكانی ئینسانی ئەم سەردەمەیان هەیە، و دەتوانن كۆمەڵگە لە پێناو خواستەكانیاندا، راچڵەكێنن... گومان لەوەدا نییە بەشەكانی تری كۆمەڵگە پشتیوانی لە داواو داخوازییەكانی خوێندكاران دەكەن و لە پشتیان رادەوەستن.

دەسەڵات لە جێگای سەرفكردنی پارەو پول بۆ سەركوت و بڵاوپێیردن و بەكارهێنانی غازی فرمێسک رێژ و بۆمب دەنگی و دەتوانێت ئەو داهاتە سەرفی باشكردنی خزمەتگوازرییەكان بكات و وەڵام بەداخوازییە سەرەتاییەكانی خوێندكاران بداتەوە، بەڵام بەو هۆیە زۆر سادەی كە دەسەڵات دژی زانست و پیشرەی خوێندكاران و چوونە سەری هۆشیاری كۆمەڵگەیە، ڕیگای سەركوت هەڵدەبژێرێت و خۆی لەجێ بەجێكردنی خواستەكانی خوێندكاران دەدزێتەوە.... بەڵام دەبێ دەسەڵات دڵنیا بێت، خوێندكارانی زانكۆ و پەیمانگاكانماندوو نابن و بەتەنها نین و بە بەردەوامیدان بە نارەزایەتی خۆپیشاندانەكانیان و هاوئاهەنگكردنی خەباتیان لەگەڵ زانكۆو پەیمانگاكانی تری كوردستان و نارەزایەتییەكانی تری كۆمەڵگە، خۆ رێكخراوكردن و پێكهێنانی دەستەو ئۆرگانەكانی رابەری لە زانكۆ و پەیمانگاكاندا، دەتوانن دەسەڵات بەچۆكدا بهێنن و داخوازییەكانیان دابسەپێنن...

**حجابی ئیسلامی كە ئیسلامیەكان ناویان ناوە" بالاپۆشی" نەک هەڵبژاردنێكی ئازادانەی ژنان نییە، بەڵكو رەمزی سەندنەوەی ئازادی لەژن و سمبولی ئیسلامی سیاسی و رێگای مل كەچ كردن بە ژنانە. ترساندنی ژنان بە ئاگری دۆزەخ، ئەگەر حجاب نەپۆشن یانی رەتكردنەوەی ئازادی ژنان و ناچاركردنیان لە رێگای زۆرەوە...**



## یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامی وعەلی قەرەداخی لە بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامین؟!

نووسینی: سەردار عەبدولا حەمە

لەم ڕۆژانەدا نامەی پشتیوانی یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامی بە واژۆی عەلی قەرەداخی بۆ ڕژێمی تیرۆرستی جمهوری ئیسلامی ئێران ڕاگەیەنرا. سەرتاپای نامەکە پشتیوانی لەسەرکوتی خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی ڕاپەریوی ئێران و ئەو کوشتارەی حکومەتی ئیسلامی ئێران ئەنجامی داوە دەکات. ئەم هەڵوێستەیان هیچ نییە جگە لەوەی خۆیان خستە ناو لیستی تیرۆرستانی ئیسلامیەوە وە پیشانیاندا وەک جمهوری ئیسلامی وداعش والقاعیدە لەگەڵ کوشتن و تیرۆری خەلکی ئازادیخوازو ئینسان دۆستن. ئەمانە بەم نامەیە لەگەڵ کوشتنی ٣٣٦ کەس و بریندار بوونی هەزارەها کەس و زیندانی کردنی ١٥٠٠٠ پانزە هەزار کەسی شۆڕشگێڕن لایەن جەلادانی جمهوری ئیسلامیەوە. ئەم کوشتن و سەرکوتەی حکومەتی ئیسلامیان پێ باشە، بەڵام هێرشی ئازادیخوازان کە ناویان ئەبەن بە لە یاسا دەرچوان بۆ سەر بەسیج و پاسداری ئیسلامی بە تاوان ئەزانن. عەلی قەرەداخی و یەکێتیەکەی هەمیشە لەسەنگەری تیرۆریستان و دەسەلاتە فاشیستە ئیسلامی و عەرەبیەکاندا بوون. پێشتر هاوهەڵوێستی یان بۆ ئەردوغانی تیرۆریست نیشانداوە لە قەتل وعامی خەلکی ستەمدیدەی کوردستانی تورکیاو سوریا. لەسالی ١٩٨٨ دا ئەم یەکێتی بە ناو زانایانی ئیسلامیە هاوهەلویستیان بۆ سەدام و ڕژێمی فاشیستی بەعس نیشاندا و دەست خۆشیان لێ کرد لە کوشتنی خەلکی بێتاوانی هەڵەبجەو ئەنفالی خەلکی کوردستان. هەر لەو کاتانەدا بوو دژ بە جمهوری ئیسلامی ئێران وەستانەوەو پشتی سەدام حسینیان گرت، بەڵام ئێستا پشتی جمهوری ئیسلامی دەگرن لە بەرانبەر خەلکی ستەم دیدەی کوردستان و ئێراندا. ئەمەیە بانێکەو دووهەوا. ئەم یەکێتی جیهانی جاهیلە ئیسلامیە پشتیوانی بۆ جەلادانی جمهوری ئیسلامی دەر دەبڕن و دەستیان ئاوەڵا تر دەکەن بۆ کوشتن و زیندانیکردنی ژنان وکرێکاران وکاسبکاران و گەنجان و خوێندکارانی زانکۆ وئامادەیی وناوەندی کە لە زیاتر لە ٨٠٠ شارو شارۆچکەی ئێراندا هاتوونەتە سەر جادەو داوای ئازادی و خوشگوزەران و ژیانێکی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەکەن و کە جمهوری ئیسلامی بە ئاگرو ئاسن لێی زەوت کردوون. ئەم عەلی قەرەداخیە و ڕێکخراوەکەی پشتگیری لە ڕژێمێک دەکەن کە لەماوەی ٤٣ ساڵەی دەسەلاتیدا زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەسی لەسێدارە داوە . خەلکیان تا ئەوپەڕی هەژاری و نەداری بردووە و خۆشیان بوونەتە ملیادەرو لە ئەوپەری خوشگوزەرانیدا ژیان دەکەن بەخامنەیی و رەئیسی و سەرجەم سەرکردەکانیەوە. حیجابی ئیجباریان بەسەر ژناندا سەپاندوە و کۆمەڵگەی ئێرانیان بۆ سەدەکانی ناوەراست گەڕاندووەتە دواوە. و فەرهەنگی پیاوسالاری و خورافات وجەهل ونەزانییان سەپاندووە بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا. پشتیوانیکردنی هەر ڕێکخراوە ویەکێتی وحیزب و حکومەتێک لە جمهوری ئیسلامی ئێران دەکاتە هاوبەش لە تاوانەکانی ئەم ڕژێمە فاشیست وتیرۆریستە کە نەک بەرانبەر خەڵکی ئێران و کوردستان ئەنجامی داوە، بەلکو بەرانبەر خەلکی ناوچەکە وجیهانیش ئەنجامیان داوە لە ڕێگای حزب اللەکان و حەشدی شەعبیەکان وحوسیەکان لە لوبنان وسوریا وعێراق و یەمەن و چەندین وڵاتی تر. عەلی قەرەداخی و یەکێتی جاهیلانی جیهانی ئیسلامی بەم هەڵوێستەیان ڕیسواییان بۆ خۆیان تۆمار کرد ئەمە لە کاتێکدایە کە بەرەی پێشکەوتووخوازو ئازادیخواز لە جیهاندا بەجۆرێک هاتوونەتە مەیدان بۆپشتیوانی ژنانی یەکسانیخوازی ئێران و خەڵکی شۆڕشگێڕی ئێران کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنە بووە کە بە ملیۆنەها کەس مەزەندە دەکرێ. مەلا عەلی و یەکێتی جیهانی جاهیلانی ئیسلامی و تەواوی ئیسلامی سیاسی بەسەلەفی وسوونە وشیعەیەوە ترسی یان لێ نیشتووە لە بەرانبەر ئەم خرۆشان و ڕاپەڕینەی ژنان و خەلکی ئازادیخواز، ئەوە دەزانن ئەگەر جمهوری ئیسلامی ئێران بڕووخێ ئەوا ئەوانیش لغاو دەکرێن و ناتوانن وەک ئێستایان دەست بەرن بۆسەر هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا. دەزانن کە ئەمە دەبێتە هۆی پووکانەوەی خۆشیان و ریسوا بوونیان. دەزانن ئەگەر ئەمڕۆ کچان و گەنجانی ئێران مێزەری مەلاکان فڕێدەدەن وینەی سەرکردەکانی جمهوری ئیسلامی ئاگر تێ بەردەدەن سبەینێ نۆرەی ئەمانیش دێت. مەلا عەلی وڕێکخراوەکەی و ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە و لە جیهاندا بێزارن بە هاتنە مەیدانی ژنان وەک ئینسان بۆ داوای یەکسانی جێندەری کە پایەی ئایدۆلۆژیەکەیان لە سەر جیاکاری ژن و پیاو وەستاوە. پێشتر لە بەرانبەر هاتنە مەیدانی ژنان لە کوردستانی سوریا یا ڕۆژئاوا و ئەو گورزەی وەشاندیان لە داعش بەتایبەت لە کوبانی زۆر بێزاری کردن، چونکە بۆیان دەرکەوت ژنان زەعیفە نین ئەمڕۆش لە ژنانی ئێران بێزارن و چونکە ئیتر ناتوانن ئیدیعای ئەوە بکەن ژن زەعیفن و ٤ دانەیان بۆ پیاوێک و بەنیو مرۆڤ حسابیان بۆ بکەن بەمەش پایەی ئەسڵی ئایدۆلۆژیەکەیان دەکەوێ و خۆشیان هەڵدەدرێنە ناو زبڵدانی مێژووەوە. درەنگ یا زوو ئەم سەرکەوتنە بەدی دێت. عەلی قەرەداخی و یەکێتیەکەی بەم هەڵوێستەیان نیشانیان دا لەگەڵ زوڵم و نادادپەروەری و کوشتن و وخوێن ڕشتندان بۆیە جێ ی خۆیەتی بخرێنە ناو لیستی ڕەشی تیرۆریزمی ئیسلامیەوە.

## هاوژین جاف قوربانی بۆ مامەڵەیەکی گەورەتری نیوان پارتی و یەکێتی

نووسینی: عەبدولا مەحمود

تیرۆری هاوژین جاف لە هەولێری پایتەخت و لە ژێر قەڵەمرەوی دەسەلاتی پارتیدا، گرژییەکانی نیوان پارتی و یەکێتی بەرەو هەڵکشان برد.

تۆمەتبارکردنی یەکێتی و دەزگای دژە تیرۆری یەکێتی بە تیرۆرکردنی هاوژین جاف لەلالەی پارتییەوە، گورزێکی پارتی بوو لە یەکیتی بۆ رادەستکردنی یەکێتی بە تەماح و داخوازییەکانی خۆی و بەدەستەوە گرتنی بۆ ئەوەی یەکێتی بخاتە ژێر گوشارێکی زۆری سیاسی و جەماوەری و یاساییەوە... بۆ یەکیتیش دۆسیەی هاوکار جاف بووە ئەو دەروازەیەی جارێکی تر یەکێتی دۆسیە سەرەکی و گرنگ و سەرچاوەکانی ململانێی خۆ لەگەڵ پارتی پێ بخاتەوە روو.

پارتی تیرۆرکردنی هاوکار جافی لەو هەولێردا، بە بەزاندنی هیڵی سور لەقەڵەمداو بەرپرسانی یەکێتی و بە تیوەگلان لەو تیرۆرەدا تۆمەتبار کرد... بەڵام بۆ پارتی مەسەلەکە لەسەر شیواندنی ئەمنیەتی هەولێر و پاراستنی ئەمنیەتی کەسایەتییەکان نەبوو... بەڵکو پارتی ئەو کەیسەی بەدەستەوە گرت بۆ ئامانجی تر... بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تیرۆرەکە لە کاتێکدا ئەنجامدرا کە ململانێی نیوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستەکانی بەغداو بەدیاریکراوی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار لەوە پەرێ گەرمی خۆیدا بوو. پارتی ئەو فایلەی بەدەستەوە گرت، تا یەکیتی ناچار بە خواستی خۆی بکات و دەست لە پێداگریەکەی لەسەر بەرهەم سالح هەڵبگرێت و مل بە کاندیدەکەی پارتی بدات... لەو گەمەیەدا تا رادەیەک پارتی سەرکەوت، چونکە بەرهەم ساڵح لە پۆستخراو شانسی قفڵدرا... بەڵام ئەوە لێرە کۆتایی پێهات و یەکێتی خۆی بۆ رووبەڕووبونەوەیەکی تر ئامادەکرد و دۆسیەی هاوژین جافی کردە دۆسیەکی لاوەکی و پرسەکانی وەکو تاک رەوی پارتی، مۆنۆپۆلکردنی حکومداری، جیاوازی کردن لە نێوان شار و شارۆچکەکان، گۆڕینی ئاراستەی حکومڕانی، و تا رادەی ئەوەی هەرەشەی کشانەوەیان لە حکومەت کرد و میدیای یەکێتی و سەرکردەکانیان خستە جوڵە لەسەر ئەم دۆسیە سەرەکیانە... یەکیتی کە هاوبەشی پارتییە لە حکومەتدا و خاوەنی دەسەلاتی زۆنی سەوزە، بە هینانە ئارای ئەم دۆسیانە، کیشەی هاوژین جافی کردە لاوەکی و گۆرەپانێکی بەرینتری بۆ ململانێی لەگەڵ پارتی هەڵبژارد... لەبەرامبەردا پارتی بەجیا لەوەی کە دۆسیەی هاوژین جافی بە کراوەیی و گەرمی هێشتۆتەوە و خۆی لە جەنگ و ململانێی فراوانترەکان و دۆسیە وروژێنراوەکانی یەکێتی دەدزێتەوە، هاوکاتیش نایەوێت لەگەڵ یەکێتی بیگەینەنێتە مریشکە ڕەشەو دەیەوێت نیگەرانیەکانی یەکیتی لە کایەی دیبلۆماسیدا، قوتبدات و خاوبکاتەوە... دیارە پارتی دەزانێت یەکیتی لە حکومەت ناکشیتەوە و یەکێتش باسی کشانەوەی لە حکومەت تەنها بەدەستەوە گرتنیەتی وەکو کارتێکی گوشار و یەکێتی کە خۆی خاوەنی دەسەلاتی زۆنێکە ناتوانێت ببێتە ئۆپۆزیسیۆن!!. یەکێتی دەیەوێت لەچاوی خەڵکی کوردستانەوە هۆکاری دۆخی هەرێم بخاتە ئەستۆی پارتی و ئەستۆ پاکی خۆی لە کیشەکانی خەڵکی کوردستان نیشان بدات... بەڵام ئەمە بێ ئاکامە چونکە لە دنیای واقعیدا زۆنی سەوز قەڵەمڕەوی دەسەلاتی یەکیتییەو ئەو بەرپرسی کێشەو گرفتەکانی زۆنی سەوزە، هەروەها پارتی بەرپرسی هەموو کێشەو گرفتەکانی زۆنی زەردەو تونایی بەسەر قەڵەمرەوی ژێر سایەی یەکێتیدا نییە... واتە پارتی و یەکێتی، هەر چەند بکۆشن و هەوڵبدەن کیشەکانی ناوخۆی هەرێم بخەنە سەر شانی یەکتری، هیچ لەو راستیە ناگۆرێت، هەردوو لایان بەرپرسی هەموو ئەو کیشەو گیروگرفت و بیمافیانەی خەڵکی کوردستانن و ناتوانن شانی خۆیان لەو جۆرە دەسەڵاتە حزبۆکراتییە شکستخواردووە خاڵی بکەنەوە.

کیشەی سەرەکی ئیستای نیوان پارتی و یەکێتی ئەوەیە، پارتی وەکو هیزی یەکەم و تاقانەو بڕیار بەدەست مامەڵە لەگەڵ حزبەکانی تری کوردستان و لەگەڵ یەکیتی دەکات و دەیەوێت یەکێتی پارتی وەکو هیزی یەکەم و بریاردەر بە فەرمی بناسێت، یەکێتیش نایەوێت مل بەو خواستەی پارتی و بدات و لە پێگەی دەسەڵاتداریتی خۆی بەسەر بەشیکی کوردستاندا، خۆی هاوشانی پارتی دەبینێت و ئامادە نییە خۆی کەمتر لەپارتی نیشان بدات.

دیارە ئەوە راستیەکە کە پارتی لەگەڵ ئەوەدا تەنها دەسەڵاتداری زۆنێکە، بەڵام لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە، وەکو هیزی یەکەم مامەڵە دەکات و خۆی بەخاوەنی بریار دەزانێت... یەکێتی نیگەرانی ئەو مامەڵەیەی پارتییەو دەیەوێت ببیتە هاوبەش لە بریاری سیاسی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا... بیگومان چ پارتی و چ یەکێتی متمانەی جەماوەری و تەنانەت متمانەی خەڵکیان لەسەر ئاستی شەقام و یاسایی!!... لەدەستداوەو لەدواین هەڵبژاردندا، بەو هەموو ڕێگایانەی کە خەڵکیان بەخۆیانەوە وابەستەکردووە قوتی لەشکرێک لە کادر و ئەندامانیان لە بەردەستە، کەمتر لە ٢٠% دەنگی خەڵکیان بەدەست هێناوە... بەمەش شکستی خۆیان لەسەر هەردوو ئاستی جەماوەری و فەرمی خستۆتە ڕوو... دیارە ئەم شکست و ناکامیە کاریگەری لەسەر قوڵبونەوەی ململانێکانی پارتی و یەکێتی داناوەو زۆر کیشەی بچوک گەورە دەکرێن و زۆر دۆسیەی زەبەلاح بچکۆلە و کەم رەنگ نیشان دەدەن.

لەو نێوەدا دۆسیەی هاوژین جاف کراوەتە مامەڵە بۆ ڕیکەوتنی تر... یەکێتی دەیەوێت بە ڕێکەوتنێکی تر لەگەڵ پارتی بگات، کە یەکێتی لەلایەن پارتییەوە وەکو هیزێکی سەرەکی و هاوبەش بەرەسمی بناسرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، پارتیش لاری لەوە نییە ڕیکەوتنێکی تر لەگەڵ یەکێتی بکات، بەڵام پارتی لە مەقعیەتی و کورسیەکانی لە پەرلەمانەوە دەیەوێت لەگەڵ یەکیتی هاوبەشێتی بکات، نەک لەسەر بنەمای دەسەڵاتی یەکیتی کە زۆنێکی بەدەستەوەیە. لیرەوە بە رۆشنی دیارە کە پارتی خوازیاری ئەوەیە هەژموونی بەسەر هەرێمدا، لەلایەن یەکێتیەوە بۆ بەرەسمی بناسیت و لەو چوارچیوەیەشدا ئامادەی بەخشینی زۆرترە بە یەکێتی....



# کۆنگرەی ١٤ی پارتی، مانەوەی گرفتەکانی بەردەم دەسەڵات!

## نووسینی: خەسرەو سایە

لەشانۆگەریەکی تەشریفاتی چەند ڕۆژەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان دوای١٢ ساڵ کۆنگرەی خۆی بەست. سەرەتا مەسعود بەرزانی لەوتەیەکیدا داوای کۆنگرەی بۆ وەرگرتنەوەی سەرۆکایەتی پارتی قەبوڵ کرد و دواتریش گەڕایەوە بۆ سەرگوزشتەی ڕابردوی قارامانانەی "بەرزانی نەمر" و ئامۆژگاریەکانی و ئینجا نێچیرڤان بارزانی وەک جێگری خۆیی و ئەویش مەسرور بارزانی وەک جیگیری دووەمی سەرۆکی پارتی پێشنیارکرد وکۆنگرەش بەبێ هیچ پرسیارو دەردەسەریەک لەبەردەم ئەم پێشنیارانەدا بەچەپڵە ڕێزان هەستایە سەرپێ. بەم جۆرەش "سێ کۆچکەی بەرزانی" لەلوتکەی دەسەڵاتی پارتیدا، جێگیرکرایەوە. بەڵام شانۆگەریەکی ئاوا چ ڕاستیەکمان پێدەڵێت؟

ئەگەر بۆ هەرحزبێکی سیاسی لەدونیای ئەمڕۆدا، تەنانەت ئەگەر ئەحزابی بۆرژوازیشبن، سیاسەت و بەرنامەی کار، لەسەر ئەو مەسەلانەی کەیەخەی بەخەڵک وکۆمەڵگە گرتووە، بنەمای هەڵبژاردنی پۆستی سەرۆکی ئەو حزبە بێت و هەر ئەوەش سەرچاوەی مانەوەی یەکگرتویی ڕیزەکانی بێت، ئەوا بۆپارتی هیچ یەک لەم فاکتۆرانە پێوانە نییە، بۆ پارتی وەفاداری بۆ بنەماڵە ومانەوەی دەسەڵاتی باڵا لەدەست نەوەکانی بنەماڵەدا پێوانەی سەرەکیە و ئەگەر باسێکیش لەسیاسەت و کارنامەی حزب بکرێ ئەوا پاشکۆی ئەم بابەتەیە و یەکگرتویی و ئینسجامی ناوخۆی پارتێش لەیەکەم هەنگاودا هەربەم فاکتۆرەوە، بەستراوەتەوە. بەواتایەکیتر پارتی وەک هەر حزبێکی تەقلیدی بنەماڵەیی و قەومی، کەئیلهام لەڕابردوو وەردەگرێ، باسکردن لە"ڕێبازی نەمرانی ڕابردوی بنەماڵەوە"وە بەسە تا ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێ و ڕیزەکانی خۆی لەدەور یەکبخات. ڕیبازێک کەیاخی بوونی چەکدارانەی دەرەبەگ و مەلاو شێخەکانی تیرەی بەرزان لەسەر ئەرزو ئاو وجێگیرکردنی دەسەڵاتە لۆکاڵی و بنەماڵەییەکان، لەمێژوودا شتێکی زیاتر لەمە ناخاتە بەرچاو. کۆنگرەی ١٤ی پارتیش کەبەپشت بەستن بەم ڕابردوەو بەم ڕێبازە سازکراوە و ئەرکی سەرەکی هەرئەوە دەبێت کەدەسەڵاتەکان لەباوانەوە بۆ وەچەکانی بگوازێتەوەو دەسەڵاتی بنەماڵە لەنێو حزبدا دوبارە بەرهەم بهێنێتەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا لەنێو ئەو هەزار نوێنەرەی کۆنگرەکەی پارتیدا، کەسێکی تر لەدەرەوەی "سێ کوچکەی خێزانی بارزانی" شایستە بۆ گرتنەدەستی پۆستە باڵاکانی ئەم حزبە لەئارادا نەبوو، تا لانی کەم لەکۆمەلگەدا وانیشان بدات کەپارتی گۆرانکاری لەخۆیدا کردوە؟ ئایا ئەسڵەن کەسێک دەیتوانی وەک بەدیلێک لەدەرەوەی "بنەماڵەی بارزان" خۆی کانید بکا، ئەگەرچی دەنگی کۆنگرەش نەهێنێتەوە؟.

لەڕاستیدا دانانەوەی مەسعود بەرزانی بەسەرۆکی حزب وکوڕانی بەرزانی لەباڵاترین پۆستەکانی دەسەڵاتی پارتیدا، تەنها ئەرک و ئامانجی سەرەکیە کە لەسەرشانی ئەم کۆنگرەیەیە، تا لەڕیگایەوە دوای ١٢ ساڵ جارێکیتر شەرعیەت بەدەسەڵات ونفوزی باڵای خێزانی بارزانی لەم حزبەدا بداتەوە. بەڵام مەسعود بەرزانی کەخولیای ڕابەری بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەردایە و پێشتر نەیتوانی خۆی وەک سەرۆکی هەرێم لەنێو خەڵکەوە هەڵبژێرێت وببێتە "ڕابەری ڕوحی بزوتنەوەی کوردایەتی"، لەگەڵ پاشەکشەیەک بەرەوڕووە، کاتێک کە ڕازیبوە بەوەی کەکۆنگرەی ١٤ میدالی سەرۆکی حزبەکەی بەسنگەوە هەڵواسێ. بەتایبەتی کەئیتر نەتەمەن و نەفەزای سیاسی ڕیگەی ئەوەی پێنادات، ئەم خولیایەی لەئەرزی واقعدا، سەوز بکا.

لەپەردەیەکی تری ئەم شانۆگەریەدا، پێشنیاری مەسعود بەرزانی بۆ دانانی جێگرەکانی لەبرازاو کوڕەکەی، ئەگەر بۆئەوە بێت کە وانیشان بدات لە نێوان کوڕ و برازادا هیچ ناکۆکیەک نیەو پارتی لەدەوری ڕیبازی بەرزانی نەمر یەکگرتووە، ئەوا ئەوپرسیارە دێتەپێشەوە کەئایا ئەم یەکگرتوومانەوەیەی پارتی دەتوانی لەدەوری بنەماڵەی بەرزانی و ڕێباز ومێژوەکەی تاسەر بمێنێتەوە؟


بێگومان کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی شاری و سەرمایەدارییە ولەمێژە سەردەمی تیرەو هۆزەکانی تێپەڕاندووە، لەمێژە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی شاری و چینە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەدەستهێنانی داخوازی و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، سەردەمانی یاخی بوونی شێخ و مەلاو دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتەکانی بارزان و تاڵەبانی، تێپەراندووە، ئێستا ئیتر خۆپیشاندان ومانگرتن، کۆبوونەوەی جەماوەری وبەستنی ڕێگای شارەکان.. لەلایەن خەڵکی کرێکار وزەحمەتکێش و ژنان و لاوان و مامۆستا و خوێندکار وکارمەندانی گرێبەستەوە، سیمای ناڕەزایەتیەکی کۆمەڵایەتی لەدژی سیستەم و دەسەڵاتێک هێناوەتە مەیدانەوە و تادێت فشارێکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەسەر حزبە تەقلیدیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دادەنێ و لەسەر چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتیە، زەمینەکانی سەرهەڵدانی درزو کەلێن و چەند دەستەگی لەناوخۆیاندا، پێکدێنێ. بەتاییەتیش لەدۆخێکدا کەناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی نەک هەر بەئامانجی خۆی لەگرتنەدەستی دەسەڵات گەیشتووە، بەڵکو دوای ٣٠ ساڵ لە ئەزمونی دەسەلاتدارێتی، کەپارتی و بنەماڵەی بەرزانی بەشی شێریان لەدەستدایە، ناتوانن چیتر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، لاوان و ژنان، بەخورافەی قەومی و نەتەوەچێتیەوە هەڵخەڵەتێنن و لەشەڕی یاخی بوونی سەرکردەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بۆ بەدەستهێنانی "مافەکانی نەتەوی کورد" لەدژی ڕژێم، لەژێر سێبەری دەسەڵاتەکەیاندا ڕایان بگرن. لەمەدا نەک هەرپارتی، بەڵکو هەمو ئەوحزبانەی کە "ئەزمونی کوردستان" بەدەستکەوت دەبینن و پەنا بۆ پڕوپاگەندەی کوردایەتی دەبەن، لەگەڵ دابڕانێکی کۆمەلایەتیدا بەرەوڕوون. خودی ناڕەزایەتیەکانی ئەم چەند ساڵەی رابردوو کەخەڵکی کوردستانی خستۆتە بەرامبەر بەپارتی و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، نیشانەی ئەم دابڕانە کۆمەڵایەتیەیە، کەبەدڵنیایەوە، درزێکی لەپەیکەرەی حزبەکاندا پێکهێناوەو کەلێنێکی گەورەی خستۆتە ناو "یەکڕیزی حزبەکانەوە".

بەڵام ئەمە هێشتا هەموو مەسەلەکە نییە. پارتی وەک ئەوەی کەحزبێکی دەسەلاتدارەو تێهەڵکێشە لەگەڵ دەسەڵاتی سەرمایەو بازاڕدا، بەپێویست پێگەی سیاسی هەر بەرپرسێکی حزبەکەی، تەعبیرە لە دەستڕاگەیشتنی ئابوری و بەرژەوندیەکان، لەم بازاڕەی سەرمایەدا کە دەیان هەزار کۆمپانیای حزبی و شەخسی خەریکی بەتالانبردنی داهات و ڕەنجی ملیۆنەها کرێکارو زەحمەتکێشە. بەم جۆرەش پلەو پایە لەحزبدا، ئەرکێک نییە، بۆ وەڵامدانەوە بەکێشەو مەسەلەکانی خەڵک و کۆمەڵگە، بەقەد ئەوەی پێگەیەکە بۆ دەستڕۆیشتویی لەبەدەستهێنانی قازانج و کۆکردنەوەی سەرمایەو ئیمتیازاتێک کەبتوانێ ژیانی فیرعەونی بۆ بنەماڵەی دەسەڵاتدارو سەرکردایەتی و پلەبەرزو نزمەکانی حزب فەراهەم بکات. نیگەرانی ئەندامانی کۆنگرە لەنەبونیان بەسەرکردایەتی لەم حزبەدا، نیگەرانییە لەوەی کە دەستیان ڕاناگات بەنانی چەوری سەرمایەو کۆمپانیاو ئیمتیازاتێک کەپارتی بە پلە حزبیەکانی بەخشیوە.

بەڵام خودی ئەوەی کەلەبازاڕدا مونافەسەی سەرمایەو کۆمپانیاکان، بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر دەکەونە جەنگێکی بەردەوامەوە، ڕەنگدانەوە لەسەر حزبەکان بەملشکاندنی یەکتر و مونافەسەی نیوخۆی سەرکردەو بەرپرسان لەشێوازی سیاسەتکردندا، دەخولقێنێ و عەشق بۆ دەسەڵات و پلەوپایە دەکاتە خولیای هەر بەرپرسێکی حزبی، تا بەهۆیەوە چنگی لەداهاتی زیاتر و ئیمتیازاتی دارایی و پڕکردنی گیرفانی گیر بکات. بێگومان لەمونافەسە و جەنگێکی ئاودا درەنگ یا زوو پیلانگێری وباڵباڵین تاسەرئاستی "گویزانەوەی سەنگەر لەم حزبەو بۆئەوی تر بەرهەمدێنێ و سەرەنجام شەپۆلێک بەرِی دەخات کە کوڕ لەبەرامبەر باوک و برا بەرامبەر ئامۆزادا دەخاتە دژایەتی بەرژەوندیەکانیانەوە. مێژوی دەسەلاتە حزبیە بنەماڵەیەکان، مەلیک و شانسینەکان، هەر ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێن، کەپارتی بەوجۆرەی کەهەیە ناتوانێ سەرگوزشتەی ڕابردوی بنەماڵەو ڕێبازی نەمران تاسەر بکاتە چەسپێکی دوقلوو بۆ ڕاگرتنی ڕیزی یەکگرتووی خۆی.

لەمەش زیاتر، کۆنگرەی ١٤ جێگایەک نەبوو بۆ وەلام دانەوە بەکێشەکانی خەڵک، کەسی ساڵە لەگەڵ بێکاری و نەبوونیدا بەرەوڕوون، تەنانەت جێگایەک نەبوو بۆ باسکردن لەسەر ئەو کێشە سیاسی و ئابوری ودەرەکیانەی ڕووبەرووی دەسەڵات وسیستەمێک بۆتەوە کەبەدەست خودی پارتیەوەیە. هەربۆیە سەرانی پارتی درۆ دەبەخشنەوە کاتێک دەڵێن "سەرکەوتنی کۆنگرە سەرکەوتنی نەتەوەی کوردە" و لەقازانجی کوردستاندایە. بەلام سەیر لەوەدایە کە کۆنگرەی ١٤ی پارتی لەژێر دروشمی "ئازادی و دیموکراسی و دادەدپەروەری"دا بەڕێوەبرا بەبێ ئەوەی یەک ڕستەش لەبارەیەوە بوترێت. ئایا هێنانی ئەم دروشمە بۆ پارتی کەخۆی حزبی دەسەڵاتدارە بۆئەوەیە کەداوای ئازادی لەخەڵک بکات؟ ئایا کۆنگرە دەیەوێت دیموکراسی بەرین بکاتەوە ودادپەرەوەری بەئاستێکی باشتر لەنیوان زۆرینەی خەڵکی هەژارو برسی و بیکار وکەمینەی چینی دەسەڵاتدارادا، کەسەرکردایەتی و پارتی و کۆمپانیاکانی بەشێکن لێی، بەدێ بهێنێ؟ بەراستی دەبێ ئەوە ناو بنێت چێ کەحزبێک خۆی دەسەڵاتدارەو وەک دەڵێت "هێزی...

بۆ لاپەڕە... 14



# شیکارییەکی کورتی کتێبی 'بنەماکانی کۆمۆنیزمی' فرێدریك ئەنجلس

## نووسینی: توانا حەمە نوری

'بنەماکانی کۆمۆنیزم' کتێبێکە لە ساڵی ١٨٤٧ لە لایەن فریدریک ئەنجلسەوە نووسراوە. کتێبەکە بە شێوازی پرسیار و وەڵام نووسراوە و ٢٥ پرسیاری دەربارەی کۆمۆنیزم تێدایە و ئەنجلس خۆی وەڵامی داوەتەوە. ئەنجلس لە ڕوانگەی مارکسییەوە باس لە بنەماکانی کۆمۆنیزم و چەمکی کۆمەڵگە و مێژوو و سیستەمە ئابوورییەکان دەکات.

لەم کتێبەدا ئەنجلس مامەڵە دەکات لەگەڵ بابەت گەلێکی زۆر وەک کۆمۆنیزم، کرێکار و کرێی کرێکار، ئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازی، قەیران، نەزمی نوێی کۆمۆنیستی، ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی موڵکی تایبەت پێش شۆڕشی پیشەسازی، ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی موڵک و سامانی تایبەت، شۆڕش، کاریگەری کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی لەسەر خێزان و نەتەوە و ئاین و هەروەها مامەڵە لەگەڵ جیاوازی نێوان کۆمۆنیستەکان و گرووپە سۆشیالیستەکانی تر و پارتە کۆمۆنیستەکان و بەراوردەکانی نێوان کرێکار و سەپان و وەرزێر و پیشەوەران و کۆیلە و کرێکاری پیشەیی.

کۆمۆنیزم

ئەنجلس کۆمۆنیزم بە "زانستی ڕزگاری چینی کرێکار" پێناسە دەکات و یەکەم قۆناغی شۆڕشی کرێکار و دامەزراندنی کۆمۆنیزم بە دامەزراندنی سیستمێکی سۆشیالیستی دەزانێت.


کرێکار

ئەنجلس کرێکار وەک چینێک دەبینێت کە بژێوی ژیانی تەنیا لە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیەوە وەردەگرێت. کرێکار دەرئەنجامی شۆڕشی پیشەسازییە کە بۆ یەکەمجار لە ئینگلتەرا دروست بووە. لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەسەندنی پیشەسازی و میکانیزەکردنی بەرهەمهێنان، چینەکانی پێش سەرمایەداری نامێنن و لانیکەم تەنیا دوو چینی گەورە دەمێننەوە: چینی سەرمایەداری کە ئامرازی بەرهەمهێنانیان هەیە، چینی کرێکارش جگە لە هێزی کار هیچی تری نییە.

ئەنجلس کرێکار بە جیاواز لە کۆیلە دەزانێت. کۆیلە جارێک و بۆ هەمیشە خۆی فرۆشتووە، بەڵام کرێکار ناچارە هەموو ڕۆژ و سەعاتێک خۆی بفرۆشێت. ئاغا خاوەندارێتی کۆیلە دەکات و ژیانی بۆ دابین دەکات، بەڵام کرێکار دەبێت هێزی کاری بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی بفرۆشێت. کۆیلایەتی کاڵایە، بەڵام کرێکار ئەندامی کۆمەڵگەی بۆرژوازییە. کۆیلە ئازاد دەکرێت ئەگەر بتوانێت تەنها پەیوەندی کۆیلایەتی هەموو پەیوەندییە موڵکایەتییەکان لەناوببات، بەڵام ئازادی کرێکار تەنها لە حاڵەتێکدا مومکینە کە خاوەندارێتی تایبەت هەڵبوەشێتەوە.

هەروەها سەپان مافی خاوەندارێتی و بەکارهێنانی یەک ئامرازی بەرهەمهێنان لەبەرامبەر پشکی بەرهەمهێناندا وەردەگرێت، بەڵام کرێکار بە ئامرازی بەرهەمهێنان کار دەکات کە هی یەکێکی ترە و لە بەرامبەر کارەکانیدا کرێ وەردەگرێت و تەنیا بەشێک لە بەرهەمی کارەکەی وەردەگرێت. جوتیارەکان دەتوانرا بە ڕێگایەک ئازاد بکرێن وەک ڕاکردن بۆ شار وەیا دەرکردنی فیوداڵەکان ئازاد بکرێن، بەڵام کرێکار تەنها بە شۆڕش و هەڵوەشاندنەوەی موڵکی تایبەتی ئازاد دەکرێت.

پیشەوەران و کرێکاران هەردووکیان کارەکانیان بە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەفرۆشن، هەردووکیان کرێ وەردەگرن. بەڵام خوێندکارێکی لێهاتوو هەوڵ دەدات ئەو کارامەییانەی کە پێویستە بۆ ئەوەی لە ساڵانی خوێندکاریدا ببێتە مامۆستا بەدەست بهێنێت، و هیواخوازە ڕۆژێک بێت ببێتە وەستا و تەنانەت خوێندکاریشی هەبێت. لە وەها دۆخێکدا کە شوێنێک بۆ پلە بەرزکردنەوە هەبوو، ئەگەری ناکۆکی چینایەتی نەبوو و خوێندکارەکان بە مەبەستی پلە بەرزبوونەوە و ببنە وەستا تەسلیم بوون بە مەرجەکانی کارکردن. لە لایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی کوالیتی کارەکەش بەندە بە کاری خوێندکارەوە، خوێندکارەکەش دەیتوانی لەبەردەم مامۆستاکەیدا خۆی دەرببڕێت.




کرێکاری پیشەیی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بوو، بەزۆری لە لادێکان دەژیا و لەگەڵ ئاغا پەیوەندی باوک و کوڕیان هەبوو، بەڵام کرێکار لە شارەکاندا دەژین.

ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی

میکانیزەکردنی بەرهەمهێنان، کە وایکردووە کار هەرزانتر بێت، لەناوچوونی پیشە دەستییەکان بەهۆی میکانیزەکردنی بەرهەمهێنانەوە، بەستنەوەی هەموو گەلان، یەکخستنی بازاڕە ناوخۆییەکان بە بازاڕە جیهانییەکانەوە.

سەرهەڵدانی سامان و دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی و گۆڕانی بۆ چینی دەسەڵاتدار بووە هۆی نەمانی دەسەڵاتی ئەرستۆکراسی و پاشایەتییە ڕەهاکان. بۆرژوازی بە لەناوبردنی ئیمتیازاتی ئەرستۆکراسی و دەسەڵاتی وەستاکانی سەندیکا، کێبڕکێ و بازاڕێکی ئازادی دروست کرد. لەگەڵ ئەم پێشهاتانەدا سەرمایە بوو بە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا و فاکتەری دروستکردنی نایەکسانی.

شۆڕشی پیشەسازی کرێکاری لە هەموو شوێنێک بڵاوکردەوە. لەگەڵ بەهێزبوونی بۆرژوازی، کرێکارش بەهێزتر دەبێت. لەگەڵ گەشەکردن و گەشەسەندنی زیاتری پیشەسازییەکان، کرێی کەمتر و لە ئەنجامدا چەوساندنەوەی زیاتری چینی کرێکار دەبینین.

قەیرانە دەورییەکان دوای شۆڕشی پیشەسازی

ئەنجلس یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازی بە قەیرانە دەورەییەکانی دەزانێت. ئەو پێیوایە شۆڕشی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ئامێر ئاسانکاری بۆ بەرهەمهێنان کرد، بەرهەمهێنانی زیاد کرد، بەڵام ئەم زیادبوونی بەرهەمهێنانە زۆر زیاتر بوو لە بەکاربردن و خواست. لە ئەنجامدا بەشێک لە بەرهەمی کارگەکە نەفرۆشرا و قەیرانی بازرگانی لێکەوتەوە. ئەمەش بووە هۆی داخستنی کارگەکان و ئیفلاسی سەرمایەدارەکان و بێکاری کرێکاران. دوای ماوەیەک لە قەیران، بەرهەمی زیادە فرۆشران و دۆخی بازرگانی و بەرهەمهێنان باشتر بوو. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و دووبارە قەیرانی تر ڕوویدا. ئەنجلس پێی وایە ئەورووپای سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام شاهیدی ئەم جۆرە قەیرانانە دەبێت، هەروەها پیشەسازییەکان بەردەوام لە نێوان قۆناغەکانی زۆری و قۆناغەکانی قەیراندا دەجووڵێن. نزیکەی هەر "پێنج بۆ حەوت ساڵ" قەیرانێک ڕوودەدات لەگەڵ نەهامەتی گەورەی کرێکاران و وروژاندنی شۆڕشی گشتی و مەترسی سەقامگیرکردنی دۆخی ئێستا.

قەیرانەکان و پێویستی دروستکردنی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی نوێ

قەیران هەڕەشە لە خودی بناغەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەکات، کە لەو ماوەیەدا نەک تەنیا کرێکار، بەڵکو زۆرێک لە بۆرژوازیش مایەپووچ بوون. لە ئەنجامدا، یان دەبێت پیشەسازییە گەورەکان بە تەواوی نەمێنن (کە نزیکە لە مەحاڵەوە) یان دەبێت نەزمێکی کۆمەڵایەتی نوێ دروست بکرێت کە تێیدا بەرهەمهێنانی پیشەسازی لەڕێگای ڕکابەرییەوە نەبێت، بەڵکو " هەریەکە بەپێی توانای خۆی، بۆ هەریەکە بەپێی پێویستی خۆی." دابمەزرێ. لەم ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە نوێیەدا هەموو بەرهەمە پێویستەکان بە شێوەیەک بەرهەم دەهێنرێن کە هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە دەسەڵات و دەرفەتی ئەوەی پێ بدرێت کە بە ئازادی هەموو بەهرەکانی بەکاربهێنێت و هەژاری و نەهامەتی کە لە ئەنجامی قەیرانە دەورەییەکانەوە دروست دەبێت نەهێڵرێت.

**کۆتایی ئەیلولی ٢٠٢٢**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازادا!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەرووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



**پرسی ژن؟**

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و رێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە. بۆ پێشەوە. ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە رێگای وتار، دیمانە.

راپۆرت. بابەتی وەرگێڕدراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە رووی ئەزموون و رێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# چۆن دوانەی ژن و توندوتیژی لەیەکتر دابڕێنین"

## نووسینی / نەجیبە قەرەداغی

بەشی یەکەم

"زۆربەی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان (باشوری کوردستان) هەرچەندە دابڕاو نییە لە قەیران و گێژاوی جیهان و ناوچەکە، بەڵام لەم قۆناغەدا



دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی هزر و ئایدیۆلۆژی نەتەوەپەرستی، ئاینگەرێتی و چەپی کلاسیک بێئومێدی و بێزاریەکی زۆری لە کۆمەڵگەدا سازکردووە کە بەرهەمی هزر و سیستەمێکی ناوەندگەرێتی و پیاوسالارییە و دەرفەتی دیموکراتی بۆ بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری دا بۆ کۆمەڵگە بە گشتی و ژن نییە، مۆدێلێکی سیاسی حکومڕانی لە سەرەوەڕا و هەرەمییە، رێ بە دەستپێشخەری تاک و گروپی بچوک نادات. لەم تابلۆ سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا ژن بەشدارێکی سەرەکی نییە. ژن زیاتر بە توندوتیژی لە رۆژەڤ دایە. توندوتیژیش نەک تەنیا لە ڕووی فیزیکیەوە، بەڵکو لە زۆر بواری تر لە ئاستی قڕکردن دایە. جگە لە هەندێ هەنگاوی لیبرال و پەناگە، رێوشوێنێکی دیکەی ڕیشەیی بۆ چارەسەری پرسی توندوتیژی نییە لەبەرئەوەی لەدەستنیشانکردنی سەرچاوەی پرسەکەدا کێشەی دید و تێڕوانین هەیە. ئەوەندی سەرنج لەسەر دەرئەنجامەکان و دەرهاویشتەکانە ئەوەندە باس لەڕیشەی سەرەکی کێشەکان نییە. هەڵوێستەکان لە ئاست توندوتیژی دا جگە لە کاردانەوەیەکی ڕۆژانەیی و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و هەندێ جار پەنادانی ئەو ژنانەی توندوتیژیان لەبەرامبەر دەرکرێت لە پەناگەکاندا کە خۆبەخۆ جارێکی تر جێگەی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژییە، ڕێوشوێنی دیکەی چارەسەری نیە.

فرناند بروادل مێژووناس و سۆسیۆلۆگ لە ئاماژەیەکی دا لەسەر کاریگەری ڕوداو قسە دەکات و دەڵێ؛ " ڕووداوەکان خۆڵن" بەبۆچونی ئەو "ڕووداوەکان تەنها تۆز نین، چونکە کورتخایەن یان کاتیین، بەڵکو وێنەی مێژووییش تەمومژ دەکەن" واتە ڕوداوەکان وامان لێدەکەن کە ڕاستیە مێژووییەکانی کە پاشخانی ئەمڕۆیە نەبینین.

لەو ئاماژەیەوە دەبێ بڵێین پرس و قەیرانەکان تەنیا بەرهەمی ئەمڕۆیی نین، بەڵکو بەرهەمی داگیرکارییەکی مێژوویی و کاریگەری ڕۆژانەیشی زۆر بە زەوی دیارە کە پێویستی بە ڕاست پێناسەکردن، تێگەیشتن و تێکۆشان هەیە. پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان خەسڵەتێکی بنەماڵەیی و ئەم جۆرە پەیوەندیانە لە پارتە سیاسیەکانیش هەمان شێوەیە. خێزان، ئایین و ناوەندەکانی پەروەردە و چ ناوەندەکانی پەروەردەی تایبەت، لە ژێرکاریگەری زهنیەتی پیاوسالاری بەڕێوەدەبرێت. ئەگەر ڕاست ئەم دەزگایانە شینەکرێتەوە زەحمەت تەنیا بە زانیاری و وردەکارییەکانی ئەمڕۆیی بگەیەنە ئەنجامێک بۆ دەستنیشان کردنی کێشەکان و چارەسەرکردنی چ جا کێشەیەکی وەک توندوتیژی کە وەک دوانەیەکی لێهاتووە لەگەڵ ژن.

وێرای هەوڵی ژن بەشێوەیەکی تاکەکەسیانە یان گروپ بۆ گۆڕینی جۆری پەیوەندی و ناوەڕۆک و سیمای ئەو دامەزراوە و دەزگایانە کە ڕوداوەکان ئاراستە دەکەن، بەڵام زۆر سەختە بتوانێ لە دەرەوەی عەقڵیەتی پیاوسالاری ڕێی جوڵەیان پێبدرێ بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەشێک لە ژنانی ناو گروپە سیاسیەکانیش دەیانەوێ لە بازنەی ئەو زهنیەتەدا بە دوای چارەسەری دا بگەڕێن و دەیانەوێ هەمان هیواش لای ژنان دروست بکەن. ئەوانەشی دەیانەوێ لە دەرەوەی بازنەی ئەو زهنیەتە بەدوای چارەسەری دا بگەڕین لە ڕووی ڕێکخستنکردن و خۆڕێکخستن کردنەوە کەموکوڕی جددیان هەیە، ئەگەر بە پێناسەی باوی سیاسەت قسەکە لەسەر ئەوە بێ کە گروپێک لە دەسەڵات و گروپی دیکەش لە ئۆپۆزیسیۆندا لە ململانێدا بن.

دیارە باس لەهەر بوارێکی ژیان بکرێت ڕەنگی پیاوی بەسەرەوەیە، ئەگەر ژن بەشداریش بکات، ڕێکخستنکراو و بەڕەنگی خۆیەوە بەشداری ناکات، بیشی کات کاریگەریەکی گەورەی لە گۆڕانکاری ڕیشەیی نییە، بەڵکو بەشداری پارچەبووی ژن لەنێو دەزگاکان دا بۆتە هۆکاری ئەوەی کە سیستەمی پیاوسالاری، ناوەندگەرێتی و دەسەڵاتدارێتی وەک ئامرازێک بەکاردەهێنرێت و لەو بوارەشدا ژن قاڵبونەوەی هزری، ڕێکخستنی و میکانیزمای بەدواداچوونی لاوازە، لەهەندێ دۆخدا نەک هەر لاوازە، بەڵکو نییە. ژن لە مەیدانی سیاسەت دا بەڕێژەیەکی کەم بەشدارە، بڕیاردەر نییە، لە چەسپاندنی کۆتای بەشداری ژن لە دەزگاکانی بەڕێوەبردنی سیستەمیشدا ئەو ژنانە بەشداریان دەکەن کە بەرنامەیەکی گشتیان لە سیاسەت دا هەیە و زۆرجاریش دەکەوێتەوە خزمەت سیاسەت و زهنیەتی پیاوسالاری. پەرتەوازەیی ژن و بێ ڕێکخستنیان جەسارەتی بە زهنیەتی پیاوسالاری داوە کە هەموو کایەکانی ژیان کۆنترۆڵ بکات. کۆتای بەشداری ژن لە پەرلەمان دا نەک بە پلان و خواستی پارتەکان بوو، بەڵکو لەئەنجامی مشتومڕێکی زۆر لەلایەن ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان، لەسەر گوشاری نێونەتەوەیی دا و لە ژێر کاریگەری ئەو پێشکەوتنانە بووە کە بزوتنەوەی ئازادی کوردستان هێناویەتیە ئاراوە، ئەو کۆتایە هەرچەندێک بێت کاریگەری گەورەی لەسەر هاوسەنگی ڕەگەزی نەکردووە. ئەوەش بە کۆتا نەتوانرا کە گۆڕانکاری دیموکراتیانە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا ئەنجام بدرێت و یاساکان بەو ئاراستەیە دانەڕێژران. کاتێ کۆنگرەی پارتەکان سازدەکرێت ژنان جێیەکی دیاریان نییە و هەشبێ پەراوێزە و نابێتە بەرنامەی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی سەرتاپاگیر. وەک ژمارە و وەک ناوەڕۆکیش چ باسێک لەسەر پرسی ئازادی و پرسەکانی کۆمەڵگە نابێتە بابەتی باس، بەڵکو ژن لە ژێر کاریگەری شەڕی دەسەڵاتی نێو گروپەکانی پارتەکان دا دەجوڵێنەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەهۆی دابەشبوونی ئایدۆلۆژییەوە ژنان خۆشیان پلانێکی ستراتیژییان نەبووە. بەکراوەیی ئەندامێکی ژن لە ئاستی دەستەی سەرۆکایەتی پارتێکی باشوردا بە کراوەیی گووتی؛ "لە نێو پارتەکەمان دا ڕەگەزگەرێتی لە بەرامبەر ژن هەیە" و یەکێکی تریش گووتی؛ " کە لە کۆبونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی حزبەکەم دادەنیشم لێیان دەپرسم بێزار نەبوون لە دەموچاوی یەکتری و من تاکە ژنم لە نێویان دا " و یەکێکی تر کە لە ئاستی سەرکردایەتیدایە گووتی؛ " کۆبونەوەی دانوسانەکانی نێوان هەولێر و بەغداد بۆتە دیوەخانی پیاوان " بە شێوەیە ژنان بوێرانە ڕەخنە لە پێکهاتەی سەرکردایەتی پارتەکان دەگرن. ڕەخنەگرتن بە دەنگی بەرز لە پلاتفۆرمی کراوەدا، و واتای جوڵەیەک دێت، بەڵام گرنگە لە ئاستی سکاڵا و گازندە دەرچێت.
پاڵپشتی یاسایی و دەستوری بۆ دیموکراتیزەکردنی سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١١ دا یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی دەرکرا کە لە هەندێ ڕووەوە بەربەستی لە بەردەم توندوتیژی خێزانیی دادەنا و یاسایەکی ئەرێنی بوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی میکانیزمێکی بەهێزی چاودێری و کاریگەری زهنیەتی پیاوسالاری لەسەر دەزگا حکومیەکان یاساکە لەسەر کاغەز مایەوە. کۆمسیۆنێکی ژنان هەبوو لە پەرلەمانی کوردستان ئەویش هەڵوەشێنرایەوە. وەزارەتێکی کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە ژن بەڕێوەیدەبات بەڵام لەئاست ئەو قەیرانە قوڵە کۆمەڵایەتیەدا نییە کە ژن ڕووبەڕووی دەرهاویشتەکانی بێتەوە. پرسی ئازادی (پرسی ڕەگەزی) وەک پرسی ژن پێناسە دەکرێت، نەک وەک پرسی پیاو. دەتوانرێت ڕۆڵی ژن لە چێشتخانەدا لە هەموو کایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا بەئاسانی ببینرێت. چێشتخانە بە واتا باوەکەی نا ئەڵبەتە، ژنان بە ڕوویەکی "جوان" و " نمایشیانە" ەوە سەکۆکانی قسەکردن بە پیاوان ئامادە دەکەن، دۆسیە، ئامادەکارییەکانی هەموو کۆبونەوەکان دەکەن، لەسەر تا ژێر ژن ڕەنج دەدات، ئەوەی قسە دەکات، ئەوەی لە ڕیزی پێشەوەیە، ئەوەی بڕیارەکان دەدات پیاوە. ژنان تەنیا لەو کۆبونەوانەدا جارێکی ڕۆڵی چێشتخانەی ماڵیان پێدەدرێتەوە، ئەو کێشەیەی کە ماریا میس وەک بە " کەیبانووکردنی ژن houswifeziation" پێناسەی دەکات، ئەڵبەت نەتەنیا لەماڵ، بەڵکو لەهەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا.
لەم ساڵانەی دواییەدا لە ژێر جوڵەکانی بەهاری گەلان و بە تایبەتیش دیسکۆرسە هزری و پراکتیکیەکانی تەوەری شۆڕشی ڕۆژاڤا و پەرەسەندنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە جیهاندا گفتوگۆ لەسەر چیەتی پرسی ئازادی هەم بۆ ژن و هەم بۆ پیاو و پرسی بەشداری ژن لە سیاسەت و بەگشتیش کۆمەڵگە و لەسەرنوێ پێناسەکردنەوەی سیاسەت پەرەیسەندووە. بەڵام لەم دەڤەرەی ئێمە هەر هەوڵێکی هزری و تیۆری، ئامانج و تێکۆشانێکی ژن لە پشتیەوە نەبێ شکڵی دەمێنێتەوە و ناتوانێ خزمەت بە ئامانجە سەرەکیەکە بکات کە دیموکراتیزەکردنی سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتیە، چ جا ئەو هزر و تیۆرییانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد بێکەڵکی و کارنەکردەیی سەلماوە لە مەیدانی سیاسەت دا، کەواتە ئێمە لەم بەشەی کوردستان دوو کێشەمان هەیە بەشێوەیەکی گشتی. یەکەم؛ بەکەڵکبوون و چەقبەستوویی ئەوەی هەیە لە تیۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دووەم؛ نەگەڕان بە دوای تیۆری هزری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەلتەرناتیڤ دا.

ژن لەم بەشەی کوردستان بە ڕێژەیەکی کەم خاوەن ئابورییەکی سەربەخۆیە یان گروپییە، ئەوەش تەنیا بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەیە و کاری تاکەکەسییانەیە و وەرنەچەرخاوەتە سەر کاری هەرەوەزی و ڕێکخستنکراو. ژن تەنیا لە ناوەندەکانی خزمەتگوزاری گشتی دا هەن، لەوێشدا لە ئاستی بەڕێوەبەری دا کەمن. زیاتر لە شارەکان دا، لەو کارانەی پیاو دەیکات، ژنیش لە ڕووبەرێکی کەم و سنوردار دا بەشداری دەکات، بەڵام ئەو بەشداریەش نەبۆتە هۆکاری گۆڕانکاری لە پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا، لە لایەکی تر بەشداری ژن لە کارەکانی کەرتی تایبەتی " کۆمپانیا سەرمایەدارەکان، مۆڵ و دەزگا و دامەزراوە تایبەتیەکان "بەهۆی نەبوونی یاسا و هەروەها دەزگای چاودێری بەهێز و سەربەخۆ واتە دادگاکان ئەم کەرتە خستنەکار تاکەکان ودەرخستیان لە کار و بیمەی کار و پاراستنی کەرامەت و ژیانی ژن لە دۆخێکی گوماناویدایە. ژمارەیەک ڕوداوی گێچەڵ و دەستدرێژی ئەو گومانانەی زیاتر کردووە. ئەم دۆخە لە هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە خزمەتکاری ماڵان بۆ کارکردن لە ماڵی دەوڵەمەند و تەنانەت ژمارەیەک لەو ژنانەی کە گوایە کار بۆ دۆزی ژن دەکەن، یەکێکی تر لەو دیاردە قێزەونانەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ پەرەی سەند کە تەواوی لاسایی کردنەوەی وڵاتانی کەنداوە و زۆرێک لەو کرێکارانەی کە بە زۆری لە بەنگلادیش، فیلیبین، نیپاڵ ، ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەفریقیا هێنراون لە ماڵان و جێی کاردا ڕووبەڕووی گێچەڵ و دەستدرێژی دەبنەوە. چەندین ژن تەنانەت جەسارەتی ئەوەیان نەبووە کە باسی لە کەیسەکانی خۆیان بکەن لەبەرئەوەی کە مەترسی دەرکردنیان لە کار لەسەرە....

**ماویەتی...**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

# برایانی کارامازۆڤ



نووسینی: شەماڵ بارەوانی

شاکارێکی تری ئەدەبی ناوازەی گەورە نووسەری ڕووسی"دۆستۆیفسکی"ـە

دۆستۆیفسکی لەو ڕۆمانەیدا لە کۆمەڵێک پرس دەدوێ و دەیەوێت چارەسەریان بکات. کێشە مرۆڤایەتیەکانی وەک: پەروەردەی منداڵ و پەیوەندیە خێزانیەکان، پەیوەندی نێوان کەنیسە و دەوڵەت، ئیمان و بێ باوەڕی، ئەرکی مرۆڤ لە بەرامبەر خودی خۆی و ئەوانەی تر..تاد.

برایانی کارامازۆڤ/

چیرۆکی خانەوادەی کارامازۆڤە. فیۆدۆر کارامازۆڤی باوک، باوکێکی دڵڕەق، باوکێک هەموو سامانەکەی لەخواردنەوەی مەی و ڕابواردن لەگەڵ ژن و چێژ بە هەدەر دەدات.

باوکێک، لە دوو هاوسەردا سێ منداڵ دەخاتەوە. دیمیتری، کوڕی گەورەی کارامۆزۆف. دیمتری وێنەی شیزۆفرینیای مرۆڤە، لەو ڕۆمانەدا.

ئەو، ئەفسەرێکی خانەنشینە و لەسەر هەمان ستایلی باوکی ژیان دەکات و ڕێگا دەبڕێت و ئامادەیە لەپێناو ڕابواردنی شەوێکی سوور لەگەڵ ژندا، هەموو سامانەکەی ببەخشێت.

لە نێوان دیمتری و کارامازۆڤی باوکیدا، ململانێیەکی توند هەیە، لەسەر میرات و سامانی دایکی دیمتری، خۆشەویستی گرۆشینکا.

کوڕەکەی تری (ئیڤانۆڤ) کەسێکی ڕوناکبیر و شاعیر و نووسەرە، بیرمەند و فەیلەسوفێکی وجودی گومانگەرایە و لە سییەکانی تەمەنی دایە.

ئەو، ژیانێکی ناجێگیر و پڕ لە دڵەڕاوکێ دەژیت. کەسێکە پڕی لە گومان و پرس لە بارەی ئایین و ئەخلاق و چارەنووس و بوون و میتافیزیکا و بێ باوەڕی.

ئەو پەیوەندی لەگەڵ براکەی ئەلیکسی، پەیوەندیەکی سادە و ساکارە. ئەلیکسی، کە پاڵەوانی ڕۆمانی (برایانی کارامازۆڤ)ـە، سەرەڕای بچووکی تەمەنی، ئەو قەشەیە لە کلێسادا !

پاڤێل، کوڕە ناشەرعیەکەی فیۆدۆر، هاوشێوەی ئیڤانی برای کەسێکی مادیگەرا و ئەتایست و بێ باوەڕە. گرۆشینکا، کچێکیترە و لە چیرۆکی ئەو ڕۆمانە بەشدارە.

گرۆشینکا، کاری لە شفرۆشی دەکات، فیودۆر و دیمتری باوکی هەردووکیان پێکەوە دەکەونە داوی خۆشەویستی گرۆشینکا و ململانێ لەسەر بەدەست هێنانی دەکەن.

ئەو ململانێیەی لە کۆتاییدا بە مەرگی فیۆدۆری باوک کۆتایی دێت و دیمتری کوڕ بەو کوشتنە تۆمەتبار دەکرێت، بەهۆی بێ بەشکردنی باوکی لە میرات و چاوتێبڕینی لەو کچەی خۆشی دەوێت.

سەرەنجام ئەو، سزای بیست ساڵ زیندانی لەگەڵ کاری قورسی بۆ دەبڕدرێتەوە. گرۆشینکا بەردەوام لە ڕێگای ڕزگاربوون و وازهێنان دەگەڕێت لەو کارەی.

لە کۆتاییدا لەگەڵ ئەلیکسی قەشە ڕێکدەکەوێت و واز دێنێت. کاترینا، کچێکیتری لەخۆبایی نێو چیرۆکی برایانی کارامازۆڤە. ئەو دەستگیرانی دیمتریە و ئیڤان خۆشی دەوێ، وەلێ کاترینا ڕووی تێناکات.

برایانی کارامازۆڤ/

لەو شاکارە ئەدەبیە جیهانیانەی هاوشێوەی کۆمیدیاکەی دانتی و جەنگ و ئاشتی تۆلسۆی و تراجیدیاکەی شەکسپیر و فیردەوسە ونبووەکەی هاملتونە، کە بۆ هەتا هەتایە ناویان لە تۆماری ئەدەبی جیهانی بە جاویدانی دەمێنێتەوە و سنوورەکانی زەمەن و کات دەبڕن.

برایانی کارامازۆڤ/

جیهانی ناوەوەی دۆستۆیفسکی خۆیەتی، ناکۆکی و ململانێیە لە نێوان:

هێزی چاکە و خراپە

- باوەڕ و بێ باوەڕی

- ویژدان و تاوان،

-فەلسەفە و لاهوت،


-زانست و ئایین.

برایانی کارامازۆڤ/

جیهانێک پڕ لە ڕاڕایی و گومان و عەدەمیەت. کارامازۆڤ، ململانێی مرۆڤە لە گەڵ خودی خۆی و دەوروبەرەکەی.

برایانی کارامازۆڤ/

بەرجەستەی ژیان و جیهانبینی جۆرێک لەمرۆڤ دەکات، جیهانێک، پڕ لە ئیشکالات و ململانێی وجودی ومەعریفی.




موشتومڕ لەبارەی فەلسەفە و لاهۆت و ئایین.

برایانی کارامازۆڤ/

گەشت و پشکنین و گەڕانە، بەناو کۆڵانە تاریکەکانی دەروونی مرۆڤ، بە مەبەستی گەیشتن بە پنتە نەزانرا و خاڵەشاراوەکانی ئەو دنیا لێوان لێو لە مەجهولاتە.

ئەو شاکارە مەزنە، کتێبێکی فکیری پڕ لە فەلسەفە و تێڕامانی قوڵە، لە بەرگی ڕۆماندا.

لە برایانی کارامازۆڤدا، خوێنەر ئاشنای زانستی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و زانیاری لەبارەی مێژوو دەبێت.

لە برایانی کارامازۆڤدا، دۆستۆیفسکی پێمان دەڵێت: تەنها بە ڕێگای خۆشەویستی و جوانی جیهان ڕزگاردەبێت.

بەڕێگای دایەلۆک لە نێوان ئاڕاستە و جیهان بینیە جیاوازەکان لێک تێدەگەین.

وەک ئەو دایەلۆکەی لە نێوان هەردووک برا(ئیڤانی بێ بڕوا و بوونگەرا و ئەلیکسی بڕوادار و قەشە)، لەبارەی ئایین و بێ دینی، لاهوت و فەلسەفە.

بۆچوونێک هەیە دەلێ، بۆچی نووسەر کوڕە بچووکەکەی"ئەلیکسی" بڕوادار و قەشەی لە"برایانی کارامازۆڤ" وەک پاڵەوان پیشان دەدات لەو شاکارە، بەڵام ئیڤانۆڤ و دیمتری بێ بڕوا نا، یان کارەکتەرێکی تری ڕۆمانەکە؟!

ئەو هەڵبژاردنەی ئەلیکسی ئاماژەیە بۆ تاکە ڕێگای ڕزگاربوونی دۆستۆیفسکی، لە جیهانی ڕابواردن و ڕاڕایی و گومان و عەدەمیەتەکەی "دیمتری و ئیڤانۆڤ".

کەواتە بە پێی ئەو بۆچوون و خوێندنەوەیەبێ لەسەر برایانی کارامازۆڤ، دەبێ بڵێین:

قۆناغی یەکەمی ژیانی لەو دۆخە پڕ ڕابواردن و مەیی و ڕۆمانسیەت و ململانێیەی لەسەر سامان و جنس، لەکەسایەتی و کارەکتەری دیمتری بەرجەستەیە.

پرسیار و گومان و ڕاڕایی و عەدەمیەت و بێ باوەڕی و ئیشتیراکی بوون و چالاکیە فیکری و فەلسەفیەکانی ئیڤانۆڤیش وێنە و واقیعی قۆناغی دووەمی ژیانی دۆستۆیفسکین.

ئەلیکسی قەشەیش قۆناغی کۆتایی تەمەن و دوا ساتەکانی ژیانی دۆستۆیفسکی و"دۆخی ڕزگاربوونیەتی.

واتا: لە جیهانی ژن و شەڕاب و سامانەوە، بۆ دنیای فەلسەفە و وجودیەت و ڕاڕایی و ناجێگیری و گومانگەرایی.

پاشان بۆ باوەشی دڵنیایی و باوەڕ و میتافیزیکا و ئیمان.

دواتر لەسەردوا قۆناغی ژیانی دۆستۆیفسکی، لەلایەن کەسانێک هێرشی دەکرێتە سەر و بە ترسنۆک و ئاییندارێکی دواکەوتوو وەسفی دەکەن. دۆستۆیفسکی لەوڵامدا لە ڕۆمانی"برایانی کارامازۆڤ" دەڵێت:

من بەشێوەی منداڵێک باوەڕم بەخوا نەهێناوە و دانم پێدانەناوە، من لەڕێگەی ئازار و سەختی و گومان و بێ باوەڕی گەیشتوم بە باوەڕ.

# ساڵیادی کام سلێمانی؟



## ئارام حەسەن

ئەوەی دوێنێ موڵکی نەتەوەی کوردان بوو، یان ئەوەی دارولمولکی بابان و موڵکی چەند حیزبێکە ئەمڕۆ؟

★ئەوەی دوێنێ کانیاوی ڕێز و ئەدەب بوو، یان گۆماوی بێئەدەبیە جۆراوجۆرەکانی ئەمڕۆ؟

★کانگەی خۆشویستن و میهرەبانی دوێنێ، یان بورکانگەی قین و تۆڵە و بوغزی ئەمڕۆ؟

★مەئواکەی ڕێبوار و بێنەوای دوێنێ، یان پەناگەی تەکفیرکارانی ئەمڕۆ؟

★ئەوەی دوێنێ خەمی ماڵێك، خەمی گەورەی هەموو شار بوو، یان ئەوەی دراوسێ ناناسێ ئەمڕۆ؟

★ئەوەی دوێنێ پێشەنگی شاران بوو، یان ئەوەی قڕەی قڕەکانە ئەمڕۆ؟

★ئەوەی دوێنێ مۆزەخانەی فەرهەنگ بوو، یان ئەوەی کۆڵان و خانوی ڕیش سپیان کردوە بە گەراج و خانەی نێرگەلە ئەمڕۆ؟

★نزرگەی مەعریفە و نووسەر و شاعیر و مامۆستای دوێنێ، یان مەزادخانەی قەڵەم فرۆشانی ئەمڕۆ؟

★ئەوەی دوێنی پۆشتە بوو، یان ئەوەی لە سەد لاوە شەڕواڵی دڕاوە ئەمڕۆ؟

★ئەوەی دوێنێ ژنکوژیی تیایدا دەگمەن بوو، یان قەسابخانەی خەساندنی نێر و خەتەنەی مێ و مێکوژییە ئەمڕۆ؟

★ئەوەی دوێنێ بە گژ قولەی قافا دەچوو، یان ئەوەی پڕ لە چاوحیز و ترسنۆك و سەرکز ئەمڕۆ؟

★ئەوەی دوێنێ وەفاداری شوناسی بوو، یان ئەوەی بە درۆزن و ماستاوچی و دوڕوو تەنراوە ئەمڕۆ؟


★ئەوەی دوێنێ سونبولی بەرخۆدان بوو، یان شوێن تەراتێنی سیخوڕگەلی تورك و فارس و عەرەب و... تەختی ڕابواردنی غەیرەکورد ئەمڕۆ؟

**ئاخر یادی دروستکردنی کام سلێمانی بکەینەوە؟ کە هێشتا لەسەر سلێمانی دوێنێ و ئەمڕۆ.. سەدان خاڵی تر ماوە بینووسم!**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

گۆشەی ئەدەب و هونەر

# سیمۆلۆژیا، لەڕێگەی وردەکارییە شاراوەکانی وشە.!



**نە لە دۆزخ ئەترسم**
**و**
**نە دڵم بە بەهەشت خۆشە**
**من**
**هەم خەمەکانی تۆم دی**
**و**
**هەم**
**فرمێسکەکانت..**

تاهیر ئاهەنگری....

بەر لەهەموو شتێک، ڕەخنەگران دەڵێن شیعر لەبنەڕەتدا بریتییە لەپێکهاتەیەکی وێنەیی بەتایبەتی لەو بابەتانەی کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەمەسەلە هەستی وهزرییەکانەوە وەک ڕەنگ وشێوە:

بەرفراوانترین وێنەی دیدەیی لەدەقی شیعریدا خۆی لەم جۆرەی پێکهاتەیەدا دەبینێتەوە. لەدەقەکانی ( تاهیر ئاهەنگەریی )دا لەلایەکەوە لەدوالیزمی بەهەشت و دۆزەخ دا شاعیر بۆ شوێنێکی دیکە دەگەڕێ، شوێنێک کە تیایدا دووربێ لە ترس و تۆقاندن، دووربێ لە موعیزەو تەکفیرکردن لەهەردوو دۆخەکەشدا جووڵەکان کاریێکتەرێکی سەرەکی دەربڕینە هەستییەکانە کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەناوەڕۆکی ئەم جێگەیەوە هەیە. ئاهەنگەریی لەم دەقەدا دەخوازێ مرۆڤ بەکاملێ ژیانی بگات، لەڕێگای زمانی شیعرەوە دەیەوێ ئەمە تەوزیف بکات.واتە ئەگەرشعر ئەرکێکی دیکەی هەبێت، تەنیا ئەوەیە کارێک بکات، ئینسان هەست بە ئینسانبوونی خۆی بکات. زمانی شیعر زمانێکە بزۆز نەک جێگیر، لە ناخی هەموو شاعیرێکدا، زمانزانێکی داهێنەر هەیە. شاعیر لەو زمانەی کەسانی دیکە پێی دەدوێن، زمانێکی شیعری دەخولقێنێت کە ئەفسوونی لێ دەتکێت و لە ناخەوە دەمانهەژێنیت. ئەگەر بە هۆی زمانی شیعرێکەوە کە ناوی خاوەنەکەشی لەسەر نەبێت، شاعیرەکەمان ناسییەوە، ئەوا ئەو شاعیرە خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی. شاعیری داهێنەر جۆرە پێوەندییەکی وا لە نێوان وشەکاندا دەهێنێتە ئاراوە کە مانای تازە ببەخشن.

گەر سیمۆلۆژیا، لەڕێگەی وردەکارییە شاراوەکانی وشە وکارنامەکانییەوە، گەڕان بێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی گوتارێک یان بەرفراوانی ئیستاتیکای دەق ئەوا پشکنین وتوێکاریش بەمانای وردکرنەوەی ماناکان و وەرگرتنی زانیاری ناڕاستەوخۆ وشیکردنەوە وهەڵسەنگاندن وبڕیاردان دێت. هەموو ئەمانە خۆیان لەهەڵوەشاندنەوە ودامەزراندن وگواستنەوەی یەکە بچووکەکانە بۆ گەورەکان وبەپێچەوانەشەوە.دواتر دۆزینەوەی سەرەداوی زانیارییەکان وچڕبوونەوەیان لەیەکە گەورە وبچووکەکان لەڕێگەی کردنەوەی کۆدی هێما وئایکۆن وئیندێکسەکانەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت. لەگۆشەیەکی تریشەوە، سیمۆلۆژیا بریتیە لەتوێکاری دەق ودابەشبوونی بۆ چەندین بڕگە وبونیاد کەئەمانەش توانا داهێنانەکانی دەق نیشان دەدەن یان بەپێچەوانەوە دەستنیشانی فایرۆسی دەق دەکات کەتووشی بووە بەهۆی نەشارەزایی ونەفامی ونەخوێندەواری خاوەنەکانیانەوە. پرۆپ لەکتێبەکەیدا بەنێوی "مۆرفۆلۆژیای سەرگوزەشتە" دەڵێت "گەر بمانەوێت دەقێک شی بکەینەوە ئەوا هەر لەسەرەتاوە پێویستە دەستنیشانی ژمارەی ئەو یەکانە بکەین کەدەقەکەی لێ پێکهاتووە، دواتر بەشێوەیەکی سەربەخۆ باس لەهەر یەکێک لەو یەکانە بکەین و پەیوەندی وکاریگەرییەکانی نێوانیان بدۆزینەوە ".دیارە ئەمەش لەپێناو بەدەرخستنی زانیارییەکان وداماڵینی تەمومژی دەقەکانە و دووركەوتنەوەیە لەگریمانە بێ ماناکان کەزۆر جار دەقی پێ گەورە دەبێت بەبێ ئەوەی لەبنەڕەتدا ئەو گەورەییەی تێدا بێت. بۆچوونەکەی پرۆپ لەوەوە سەرهەڵدەدات کە هەر یەکە وبڕگەیەک خاوەن دەسەلات وتۆتۆنۆمی خۆیەتی وهەمووشیان لەپێناو یەک مەبەستێتی و گوتاردا کار دەکات وەک لێرەدا دەڵێ

**من هەم خەمەکانی تۆم دی و**
**هەم فرمێسکەکانت..**

لێکۆڵینەوەی: جەمال نوری

# لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان....

لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
کەسێك خواناناسێت
بەزەییەکیان بەبارانا نایێتەوە
یەك دوونیا درۆ بەدەم باوەدەکەن

لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
لەبەردەرگای ماڵی ژنێکی بەدبەخت
دار شاتویەك هەیە شاتوو ناگرێت
مناڵان بەبەرد دەیوەرێنن
یەك گەڵای پێوەنەماوە بۆناو گیرفانی پاییز

لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
خەڵك هیلاکەو هیچ ناڵێن گلەییەك
لە ئاو ناکەن... لەبەردەم گرمەی هەورێکا
سەرێك بانادەن
ناڵێن خوادایە ئەم زوڵمە چییە
ئاخر چۆن بەرگەی ئەم هەموو مردنە بگرین..
چۆن چۆنی بتوانین بەناو خۆمانا
وەك شێتێکی نەفام... ڕاکەین بەدوای هەتاودا

لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان.. ڕۆژانی هەینی
کەس ناڕوات بۆگۆڕستان ..
کەس درەختێك ئاو نادات..
کەس مۆمێك لەبەر خاتری مەسیح داناگیرسێنێت
لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان

کەس حەزی لەشەوی بەرات نییە
هیچ دایکێك تورەکەی سپی ناکاتە ملی مناڵەکەیوو
پێی ناڵێت بڕۆ خورما کۆکەرەوە

لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
کەس گوێ لەبانگی بەیانیان ناگرێت
کەس شەوانە ناڕوات بۆ تەراویح
کەس ناوساجی ناکاتە خێر ..
کەس گەردن ئازایی لەکەس ناکات
لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
تەنیایی بەسەری سپیەوە و بەپێخاوسی
بەسەر جادەکاندا ڕادەکات

ئێ خودایە خۆت دەکەینە وەکیل
چۆن چۆنی بەرگەی ئەم هەموو
خوێن ڕشتنە بگرین
چۆن چۆنی بەمریەم بڵێین.. لێمان ببورە
نەمانتوانی.. ئەتك بوونی تۆ بخەینە
ڕستەوە.. تۆ ئەزانیت بەرگە ناگرین
ناتوانین.. ببینە دراوسێی ماڵی ئاو
یەك ئینجانەی شکاومان بۆناخرێتەوە
شوێنی خۆی.. دڵخۆشی چۆلەکەیەکی
دڵشکاومان بۆنادرێتەوە.. ئەوکاتەی
ئاسمانێکی نییە بۆفڕین

لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان



ژنێك بەبێ ستیان ئەڕوات بۆگۆشت کڕین
جانتاکەی شانی پڕە لەکۆندۆمی بەسەر چوو..
قەسابەکان سور سور هەڵدەگەڕێن
چاویان بەرپێی خۆیان نابینێت
لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
بەدەگمەن باران دەبارێت

خودایە بەرگە ناگرین ..
ئەم هەموو مردنەمان بۆنادرێت بەکۆڵمان و
سەرمان بۆناگیرێت بەدەستمانەوە
لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
کەس گوێ لەگۆرانی ناگرێت
کەس قاوە ناخواتەوەو..
کەس بەیانی باش لەیەکتری ناکات

لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
سەری با بەشمشێر دەپەڕێنن
ئاگر لەسەر ئاگر موتوربە دەکەن
لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان
نوێژ لەسەر مردو ناکەن و لەپرسەی یەکتریدا ڕاناوەستن
لەگەڕەکەکەی ئەوبەرمان

میرزا

# "مەرحەبا مێژوو مەرحەبا"

ـ "مەرحەبا مێژوو مەرحەبا"
ـ "مەرحەبا گیانە"
ـ "باشە ئەوە بەچی وا قەڵەو بووی باوکەڕۆ؟"
ـ "وەڵا بە درۆ و مرۆ، قابیلە خۆ برنجم نەخواردوە"
ـ "جا بۆ ئەوەنە درۆ ئەخۆی داماو؟"
ـ "نایخۆم نا، بەزۆر تێمەخنن"
ـ "چیت تێئەخنن نەگبەت"
ـ "درۆ"
ـ "ئەمە چ بێویژدانێك تێتەخنێ"
ـ "کورد"
ـ "ئەی قوڕ بەو سەرتە، مادەم کورد پێت فێربوو، دە ساوەڵڵا حسابت ڕۆیوە"
ـ "جا قوڕی کوێ بکەم بە سەرما، ئەوەنەم درۆ تیایە هێڵنج کوشتوومی"
ـ "درۆی چەورت دەرخواردەیەن یا کەپەك؟"
ـ وەڵا ئیتر چەور و وشك و تەڕ و سوێرخوێ و تاڵ و تفت و ئەوانە"
ـ "ئێ... ئێ، ئەمە بۆیە.. لە مێژووی ئەم دەوروبەرە قەڵەوتری"
ـ "بە سەری تۆ، ترسنۆك و بەزیوی وایان تیاکردووم بە قارەمان، خیانەتی وایان تیاکردووم بە شانازی، بێشەرەفی وایان تیاکردووم بە پێشەنگ و ڕابەر، پیڕەدزی وایان تیاکردووم بە پۆلە شۆڕشگێڕ، نەخوێندەواری وایان تیاکردووم بە ئەفلاتوون، گوێدرێژی وایان تیاکردووم بە سیاسەتمەدار، لە تۆیا بیانکردایە، دەمێك بوو ورگەپۆز بوبووی"
ـ "ئەی تۆ چۆن تەحەمولەکەی؟"
ـ "دڵم بەوە خۆشە.. کە فشۆڵم، پڕم لە فشوفاڵ، هاکا فشیش بوومەوە برادەر گیان"

---

*ورگەپۆز: نەخۆشیەکە، توشی کەر و هێستر و بارگیر ئەبێ، بەهۆی باری قورسەوە ڕیخۆڵەکانی ئەپچڕێن.

*تێخنین: تێخستن، یاخود تێکردن،

ئارام حەسەن

# عوسمانی حاجی مارف : ئەم بزوتنەوەیە سکولارە، رادیکال و چەپیە، دژی ئیسلامی سیاسیە، هەروەها ئێرانیەو سەراسەریە ...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، سەبارەت بە "ڕاپەڕێتی خەڵکی ئێران و ئاییندەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە"

**بۆپێشەوە: هەستان و ڕاپەڕینی جەماوەری لە ئیران و کوردستان، بەردەوامە، سەرەکیترین تایبەتمەندیەکانی ئەم ڕاپەڕین و هەستانە جەماوەرییە چییە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئاوات و خواستێکی دێرینی بەشێکی زۆری جەماوەری ناڕازی ئێرانە، ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە جەماوەرییە وەک بزوتنەوەیەکی بەرین بۆ ڕوخانی دەسەڵات هاتۆتە مەیدان و بۆ ئایندەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی خەبات دەکات، هەربۆیە لەسەرەتاوە دیمان هاتنە مەیدانی ڕیزی بەرینی ژنانی ناڕازی سیماو خەسڵەتی دەرکەوتەی ئەم ڕاپەرینەی نەخشاند، چونکە وەک پێداویستی دیاردەیەک بۆ نارەزایەتی جەماوەری لە ئێراندا ڕۆشن بو کە دەبوا پێشەنگی ئەم نارەزایەتیانە ژنانی ئازادی خوازی ئێران بن، تا نیشانی بدەن ئەتوانن حجابی بەزۆری هێمای کۆماری ئیسلامی فڕێدەن و بسوتێنن، کە سەرەتای بەکارهێنانی چەکی ڕوبەروبونەوە دژ بەدەسەڵاتی سێدارە فڕێدان و سوتانی حجابە. هەروەها ئەم بزوتنەوەیە هەر لەسەرەتاوە بە جۆرێک سەرنجی تەواوی دنیای ڕاکێشا کە نیشانیدا خواست و ئاسۆی ئەم نارەزایەتیانە لە ئێراندا مەسەلەیەکی جیهانیە وشۆڕشێک لە ئێراندا بەرپا دەبێت کە پریشک و شەپۆلی ئەو شۆڕشە خۆی دەکات بە هەموو شوێنێکی جیهاندا، هەربۆیە لە تەواوی دنیادا بەڕیزی ملیۆنی پێشوازی و پشتیوانی لەم بزوتنەوە جەماوەریە کراو بەردەوام دەیکەن، ئەم بزوتنەوەیە سکولارە، رادیکال و چەپیە، دژی ئیسلامی سیاسیە، هەروەها ئێرانیەو سەراسەریە، تەواوی جەماوەری ناڕازی لە تەواوی شارەکانی ئێراندا بەیەک دەنگ و بەیەک ئاواز "بڕوخێ دیکتاتۆر" دەڵێنەوە، دەنگی ئیرادەیەکە کە هەوڵئەدات دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەلاتی سیاسیدا جێگیر بکات، دەنگی ئازادی و یەکسانیە.

> **ئەم ڕاپەڕینە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی تازەی هێناوەتە سەر شانۆی سیاسی ئێران و ناوچەکە کە گەڕانەوەی نییە، گەڕانەوەی نییە بەو مانایەی گورزێکی گەورەی داوە بەسەری ئیسلامی سیاسیدا، کە کۆماری ئیسلامی گەر بەم زوانەش نەڕوخێت، بەڵام ئیتر ناتوانێ هەناسەکانی ئەو دەسەڵاتەی پێش ئەم ڕاپەرین و خرۆشانە جەماوەریە بێت...**

**بۆپێشەوە: ڕاپەڕێن لە ئێراندا سەراسەرییەو تا ئێستا ناسنامەی قەومی، چ کوردی و چ فارسی پێوە نییە، هۆکاری ئەمە چییە؟ تا چەندە ئەم ڕاپەڕینە دەتوانێت ناسنامەی سەراسەری خۆی بپارێزێت و هەوڵی ڕەوتە ناسیونالیستە ئێرانی و کوردیەکان، پوچەڵ بکاتەوە، بەتایبەتی هەردوو لایان وەکو دووهێزی دژە شۆڕش هەوڵی خۆیان دەدەن تا مۆری خۆیان لەو ڕاپەڕینە بدەن و لەوەش زیاتر بەهرەبەرداری خۆیان لێ بکەن؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** خەڵکی ئێران بە گشتی گەیشتون بەو ئاکامەی کە درەنگ یا زوو دەبێت کۆتایی بە کۆماری ئیسلامی بهێنرێت، ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئاوات و خواستی جەماوەری فراوانی ئێرانە بەبێ ئاماژەکردن بە ناسنامەکانیان، دژی ئیسلامی سیاسی واقعیەتێکی ناچاری کۆمەڵگەی ئێرانە کە ٤٣ ساڵە لە سایەی دەسەڵاتی شیعەگەرادا زەجرو ئەشکەنجەو ئازار و ژیانی هەژاری و برستەیتی دەجێشن، ڕزگاربون لەم دەسەڵاتی سێدارەیە ئامانجی هاوبەشی هەمو ئینسانەکانە جا هەر ناسنامەیەکیان هەبێت، لەمەش گرنگتر کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی شارستانی وسکولارو رادیکال و چەپیە، بەر لە هەموو شتێک بەدوای ئازادی و یەکسانیەوەن، هەڵبەتە پاراستنی ئەم ڕەوتە رادیکالە لە ڕێگەی یەکگرتوویی و ڕێکخراوبون و هەوڵدان بۆ دابینکردن و جێگیربونی دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا دەستەبەر دەبێت، بەمانا واقعیەکەی بە ڕێکخراوبونی هێزی جەماوەری و جێگیربونی دەسەڵاتی شورایی بە سنوربەندی لە بەرامبەر ڕەوتی ناسیۆنالستی و هەر ڕەوتێکدا کە دەیانەوێت دەسەڵاتی سەروخەڵکی دادەمەزرێنن، پارێزراو دەبێت لە هەر دەخالەت و بەلارێبردنێکدا کە ناسیۆنالستەکان هەوڵی بۆ ئەدەن، تاجارێکی تر خەڵکی ئێران بە شێوازێکی تر لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا بێ ئیرادە بکەنەوە، لە پێناو پاراستنی کاری بەکرێ و خاوەنداریەتی تایبەتیدا.

> **ئەم ڕاپەرینە هەر لەسەرەتاوە سەرکەوتنی خۆی بەدەست هێناوە، سەرکەوتن بەومانایەی توانیویەتی گورزێکی گەورە لە ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و هێماکانی بسرەوێنێت، لەلایەك پاشەکشەیەکی گەورە بە ئیسلامی سیاسی کردوە لە ئێراندا، لە لایەکی تریشەوە ڕیزێکی بەرین لەژنان هێمای ئازادی و ڕزگاریان بۆ ژنان لە ئێراندا بەدەست هێناوە و شکۆی کۆماری ئیسلامیان لە ئاستی جیهاندا شکاندووە**

**بۆپێشەوە: ئەم ڕاپەڕین و هەستانە جەماوەرییە بە کوێ دەگات... ئایا بەردەوامی دەبێت تا ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران یان دەتوانرێت خامۆش بکرێتەوە و بەشکست بکێشرێت؟**

**عوسمان حاجی مارف:** ئەم ڕاپەڕینە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی تازەی هێناوەتە سەر شانۆی سیاسی ئێران و ناوچەکە کە گەڕانەوەی نییە، گەڕانەوەی نییە بەو مانایەی گورزێکی گەورەی داوە بەسەری ئیسلامی سیاسیدا، کە کۆماری ئیسلامی گەر بەم زوانەش نەڕوخێت، بەڵام ئیتر ناتوانێ هەناسەکانی ئەو دەسەڵاتەی پێش ئەم ڕاپەرین و خرۆشانە جەماوەریە بێت، بۆیە ناچار بە پاشەکشەو ملکەچی بەشێکی زۆر لە خواستەکانی خەڵکی دەبێت، بە جیا لەمەش گەر ئەم خرۆشانە بۆ ماوەیەکیش ئارام بێتەوە، پێم وایە ئەم نارەزایەتیانە بە شێوازی تر بەردەوام دەبێت و گەشە دەکات وەک پێشتر ئاماژەم پێدا درەنگ یازوو لەباری عەمەلیەوە مالئاوایی کۆماری ئیسلامی دەبێت لە دەسەڵاتی سیاسیدا. لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوەش هەیە کە هاربون و هیستریای ئەم دەسەڵاتە لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەیدا شەقام خوێناوی بکات، بەڵام بەهەموو ئەگەرەکانەوە، لە کۆتایداو لە ڕێرەوی گەشەی ئەو ڕاپەرینەدا ناتوانرێت مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بپارێزرێت، لەلایەکی تریشەوە پێویست دەکات هەنگاوەکانی ئەم نارەزایەتیانە فراوانترو گشتگیرتر بێتەوە کە بە ڕیزی جەماوەری ملیۆنی لە ناوەندی شارەکانی ئێراندا بوەستن و دەزگاو بەرێوەبەرایەتی و کاروبارەکانی دەوڵەت لە کار بخەن.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چینی کرێکار لەو ڕاپەڕینەدا چۆن دەبینن؟**

**عوسمان حاجی مارف:** پێم وایە لەم بارەیەوە خۆشتان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە ئاگادارن و نەشاردراوەتەوە کە مانگرتنی ڕیزێکی بەرین لە کرێکارانی ڕشتە جیاجیاکانی کارخانەو کارگەکان بۆ پشتیوانی و پەیوەست بون بە ڕیزی نارەزایەتیەکانەوە لە ئاستێکی دیاریکراودا حزوری خۆیان نیشانداوە، بەڵام چۆن دەڵێم پێویستە ڕیزی ملیۆنی جەماوەری لە ناوەندی شارەکاندا حزور پەیا بکات، لە هەمان کاتدا پێویستە بەشداری و دەخالەتی کرێکارانیش زیاترو فراوانتر بێتەوە، تا ئەو ئاستەی ببێتە پێشەنگ و ڕابەری ئەو خرۆشانە جەماوەریە بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشێک کە تەواوی سیستمی چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان کۆتایی پێ بهێنێت.

**بۆپێشەوە: ڕاپەڕین لە ئێراندا زۆر زوو لە پشتیوانی گەورە لە دنیای دەرەوەو لە ولاتانی ناوچەکە بەهرەمەند بوو، هۆکاری ئەو پشتیوانییە فراوان و خێراییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** وەستانەوەی خەڵکی ئێران بە گشتی و ڕیزی ژنان لە پێشەوەی ئەم نارەزایەتیانە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا، جێگای ئومێدی ڕزگاری خەڵکی ناوچەکەیە بەدەست بەلاو کارەساتەکانی هێزە ئیسلامیەکانەوە، بەوەی چەندین ساڵە ئیسلامی سیاسی مۆتەکەو بەلایەکی گەورەیە بەسەر دانیشتوانی عێراق و لوبنان و سوریاو یەمەن و ئەفغانستن..ەوە، کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن و بەخێو دەکرێن. لەهەمان کاتدا جێگای ئومێدی خەڵکی ئازادیخوازو یەکسنخوازی جیهانە و بەوە پێشبینی دەکرێت کۆتایی کۆماری ئیسلامی بەجیا لەوەی مایەی ئاڵوگۆڕێکی جدیە لە ناوچەکەدا، هەروەها نیشانەکانی ئەگەری شۆڕش لە ئێراندا کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی چونە پێشەوەی ڕزگاری بەشەریەت لە چەوسانەوە لە ئاستی جیهاندا دەردەخات.

**بۆپێشەوە: بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئیستای خەڵکی ئێران، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی ناوچەکە بەگشتی و لەسەر ڕەوتە ئیسلامیەکان بەتایبەتی دەبێت؟**

**عوسمان حاجی مارف:** پێش هەموو شتێک ئەم بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەیەی ئێران بەو چوارچیوە دژی دینیەی لە خۆی نیشان ئەدات و دەرکەوتنی ڕەوتی ئەم نارەزایەتیانە بە خەسڵەتی سکولاری و رایکاڵی و چەپیەوە دەردەکەوێت، بە ڕابەرایەتی ژنانەوە و کۆڵ نەدان و پێداگری لەسەر...

بۆ لاپەڕە ... 14

# ئاسۆ شابان : پێشتر لە پۆستێکمدا ئاماژەم پێداوە، کە ئێران دەروازەی ڕزگاری خۆرهەڵاتی ناوەندە، گەلانی ئێران زۆربەی کات توانیویانە ئەم پێشەنگیە بکەن...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ئاسۆ شابان هەڵسوڕاوی ڕەوتی سۆشیالیزمی شۆڕشگێری، سەبارەت بە هەستان و راپەرینی خەڵکی ئێران و ئاییندەکەی...



**ئاسۆ شابان:** پێشەکی زۆر سوپاسی هاوڕێیانی بۆ پێشەوە دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەیان و گرنگیدان بە ڕۆڵی بزووتنەوە سۆسیالیستەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەندا بەدەر لە دەرەوەی هەر جیاوازیەکیش کە هەبێت، ئەمەش جێی خۆیەتی کە بە هەند وەربگیرێت، دەستخۆشیتان لێ دەکەم.

**بۆپێشەوە: زیاتر لەچەند هەفتەیە، جەماوەری ئازادیخواز لە کوردستان و ئێران، دەستیان داوەتە ڕاپەڕین و خرۆشانێکی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی، هۆکار و ریشەی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە لە چیدایە؟**

**ئاسۆ شابان:** لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە ڕەهەندێکی زۆر هەڵدەگرێت بۆ هەڵسەنگاندن و پێناسەکردنێک کە بتوانێت لە چاوپێکەوتنێکدا بەرجەستەی چەمکە سەرەکیەکانی ئەم خرۆشاندنانەی دواییەی ئێران بگرێت، چونکە ئەمە یەکەم جار نییەو لە بەردەوامیدایە. هۆکاری ڕیشەیی بێ هیچ دوودڵیەک دژ بەو سستم و دەسەڵاتەیە، کە ژیانێکی نابەرابەر و چینایەتی بۆ خەڵکی ئێران فەراهەم کردوە، خودی سستمێکی سەرمایەدارییە کە لە باڵا پۆشیەکی ڕەهەندێکی ئیسلامیدا خۆی نمایش دەکات، ڕەنگە هەمان سستم لە شوێنێکی تر بە پۆشاکێکی ترەوە لە دەسەڵاتدا بێت، بەڵام لە ئێران ئاخوندەکان ئەم ئەرکە لە بەرگی ئیسلامدا نمایش دەکەن. هەڵبەت ئەم جۆرە لە سستمی سەرمایەداری چینایەتیە پڕ کێشەو قەیرانە و لە نەهامەتی زیاتر چی تری بۆ مرۆڤایەتی پێ نییە. گەلانی ئێرانیش وەک زۆربەی زۆری گەلانی تری خۆرهەڵاتی ناوەند ئاڵودەی قەیران و نەهامەتیەکانی ئەم سستمەن، نەبوونی ڕۆڵی سیاسی و چینایەتی کرێکاران لێرەدا گەورەترین وەڵامە بۆ ئەوەی کە قەیرانەکانی کار، بێکاری، بێ بەرابەری نێوان ژنان و پیاوان، ڕۆڵی ڕاستەقینەی ژنان لە بونیادی کۆمەڵگەدا، ئازادی سیاسی ڕەهای تاک، قەیرانی ئابوری و جەنگ ببنە مۆتەکەی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک و چیتر نەتوانن بەردەوام بن.

**بۆپێشەوە: ئاییندەی ئەم راپەرینەی ئێستا چۆن دەبینن؟ لاتان وایە رژێمی ئێران دەتوانێت پاشەکشەی پێ بکات، یان بەرەو روخاندنی رژێم دەڕوات و کۆتایی بە دەسەڵاتی دەهێنێت؟**

**ئاسۆ شابان:** ئێمە نایەین گرەو لەسەر ئەم پرسە بکەین، ئێمە دێین بزانین خەباتی بەردەوامی ئێمە لە کوێدا وەستاوە، یان دەتوانین چەند هەنگاوی تر بیینە پێش، یان چۆن وەک قۆناغێک بۆ خرۆشاندنی داهاتوو پڕ بەها بەهرەمەندی کەین، ئەگەر بێتو ئێمە لە ئێستادا نەمان توانی ئەنجام بگرین، ئەمە بەو مانایە نییە کە هیچمان نەکردبێت، بەڵکو قۆناغێکی زۆر گرنگمان بڕیوەو چوینەتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە جارێکی تر ئێران هیچ کات ناتوانێت وەک پێش ئەم خرۆشاندنە خۆی نمایش کاتەوە، ئەوان خەیاڵ و وەهمێک کە گوایە ئاخوندەکان بۆ هەتا هەتایە دەتوانن بمێننەوە، لە بناغەوە پوچەڵیان کردەوەو ڕوخان و نەمانی ئاخوندەکانیان تەواو بەرجەستە کرد، ئەمەش گەورەترین دەستکەوتە کە دەبێت بە هەند وەری بگرین، لینین ڕۆشن ئاماژەی بەمە داوەو دەڵێت هیچ میلەتێک هێندە گەمژە نییە تا سەر مل بە هەمان دەسەڵات بدات.

> نەمانی ئەم سستمە لە ئیراندا هەنگاوی یەکەم دەبێت بۆ لە ناوچوونی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا، کە ڕۆشن پشتیوان و خوێن بەری ئەم ڕەوتەیە، ئێمە بۆ خۆرهەلاتی ناوەند هەر نابێت ڕومان لە ئێران بێت، تورکیای ئوردوگانیش دەبێت وەك ئاخوندەكانی ئێران لە بەین چن و ئەم سستمە تەواو لە گۆڕ نرێت.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چینی کرێکار لەم راپەرینەدا چۆن دەبینن و چ ئەرکێک لەسەر شانی چینی کرێکارە؟**

**ئاسۆ شابان:** هەڵبەت بۆ ئەوەی وەڵام بەم پرسیارە بدەینەوە دەبێت پێشتر ئەو پرسە لە خۆمان بکەین، ئایا کرێکاران لە چ ئاستێکی هۆشیاری چینایەتی خۆیاندان و چەندە ڕێکخراون بۆ ئەوەی ئەوان لەبەرامبەر ئەم پرسەدا لە ئێستادا بخەینە ژێر پرسیارەوە، بۆ ئەوەی کرێکاران لە خرۆشان و ڕاپەڕینەکاندا بێنە مەیدان، پێویستە پێشوەخت ڕێکخراوبن بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێت، لایەنی کەم هەریەک لە شوێنی کاری خۆیەوە، کاتێک ئاستی هۆشیاری چینایەتی کرێکاران لەو ئاستەدا بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانن ڕۆڵێکی گەورە لە گۆڕانکاریەکاندا ببینن و وە بگرە دەسەڵاتیش لە گۆڕ نێن هەروەک چۆن لەساڵی ١٩٧٩ دا لە ئێراندا ڕۆشن ئەمەمان بینی، مێژوش بێ بەش نییە لەوەی کە ڕۆڵی چینی کرێکار لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا دەتوانێت چەندە زووتر گۆڕانکاری ڕیشەیی بە دوای خۆیدا بهێنێت، هەڵبەت کەم تا زۆر کرێکارانی ئێرانیش پشتیوانی خۆیان کرد، بەڵام بۆ ئێمە ئەمە تەواو ڕۆشنە، بێ بوونی پارتێکی پێشڕەو وە تیۆریەکی شۆڕشگێرانە، مەحاڵ دەبێت بتوانین گرەو لەسەر ئەمە بکەین، بەڵام بە دڵنییایەوە بەشێک دەبێت لەو خەباتە لە ئێستادا.

**بۆپێشەوە: ئەم راپەڕین و خرۆشانە جەماوەرییەی ئێران، چ کاریگەرییەکی لەسەر وڵاتانی دەوروبەر و بزوتنەوە سیاسیەکان دەبێت؟**

**ئاسۆ شابان:** بە دڵنییاوە وەک پێشتر لە پۆستێکمدا ئاماژەم پێداوە، کە ئێران دەروازەی ڕزگاری خۆرهەڵاتی ناوەندە، گەلانی ئێران زۆربەی کات توانیویانە ئەم پێشەنگیە بکەن، ئێران ڕۆڵێکی جوگرافی و سیاسی و ئابوری گەورەی هەیە لە ناوچەکەداو دەتوانێت گۆڕانکاری ڕیشەیی بە دوای خۆیدا بهێنێت، لایەنی کەم دروستبوون و سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامیە توند ڕەوەکان، ئیسلامی سیاسی و باڵا دەستبوونی فەرهەنگی ئەوان لە ئیستادا، ئاخوندەکانی ئێرانە، نەمانی ئەوان واتە نەمانی ئەو مۆتەکەیەی کە ناوی ڕەهەندی ئیسلامی سیاسیە لە ناوچەکدا، خودی نەمانی ئەم سستمە لە ئیراندا هەنگاوی یەکەم دەبێت بۆ لە ناوچوونی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا، کە ڕۆشن پشتیوان و خوێن بەری ئەم ڕەوتەیە، ئێمە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەند هەر نابێت ڕومان لە ئێران بێت، تورکیای ئوردوگانیش دەبێت وەک ئاخوندەکانی ئێران لە بەین چن و ئەم سستمە تەواو لە گۆڕ نرێت.

**بۆپێشەوە: بە چ جۆریک دەبێت خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە پشتیوانی لە خەڵکی راپەڕیووی ئیران بکەن؟**

**ئاسۆ شابان:** هەڵبەت ئەمەش پابەند دەبێت بەوەی کە ئایا تۆ چۆن سەیری ئازادی دەکەیت، یان ئەوانەی ئازادیخوازن کێن، بەڵام بۆ چەپ و ئەنارکیست و سۆسیالیستەکان ئیتر ئەمە دەبێتە ئەرکێک، کە هیچ پاساوێک بۆ پشتیوانی نەکردن قبووڵ ناکات. بەڵام لەدەرەوەی ئەمانیش هەڵبەت خەڵکێکی ئازادیخوازی سوکولار و لیبرِاڵی تریش هەند، کە بۆ ئەوانیش دەبێتە پرسێک و ناتوانن هەروا تەماشا کەن، ئەوانیش بە جۆرێک لە پێناو سوکولارکردنی کۆمەڵگەدا لەمەیدانن و بونیان هەیە، ئەگەر ئەوان لە پرسێکی وادا پشتیوانی خۆیان نەکەن و نەیەنە مەیدان، ئیتر ئەوە بەو مانایە دێت کە ئەوان بۆ پرسی سوکولارکردن هیچ تێگەیشتنێکیان نییە، بەڵام بۆ ئێمە ئەم پرسە جیاوازترەو پشتیوانی ئێمە تەنها بۆ چەند ئازادیەکی سنورداری ئەجێندی و سکولار نییە، بەڵکو قسەمان لەسەر گۆڕینێکی ڕیشەیی ئەو سستمەیە، کە سستمێکی سەرمایەداری کۆنکرێتیەو دەبیت ڕیشە کێش کرێت، گەر لێرەدا پرسێک لە ئێمە بکرێت، ئەی چی؟، ئەوا بە دڵنییایەوە دەڵێین سۆسیالیزم.

تێبینی:

**هەڵبەت دەکرێت زۆر زیاترو بەرفراوانتر لەچەند دیدگای ترەوە بە پێی ئەو قۆناغانەی ئەم ڕاپەڕینانەی بە شوێن خۆیدا هێناوە هەڵسەنگاندنی وردتر لە خۆ بگرێت، کە لێرەدا نەهاتینە سەری، وەک پرسی ڕزگاری نیشتمانی نەتەوە جیاجیاکانی تری ئێران کە چەند سەدەیە لە ژێر ستەمی نەتەوایەتیدا دەژین و ئەمڕۆکە بۆتە پرسێکی زیندوو بۆیان.**

> وەستانەوە بەرووی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و ڕەمزەکانیدا، فڕیدانی حجاب و سوتاندنی، فرێدانی عەمامەکان، شکانی ترسی جەماوەری لە زەبروزەنگی رژێم، هاوئاهەنگی نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، سەراسەری بوونی، خۆراگری وبەدەستەوە گرتنی داهێتانی نوێ، بەدەستەوەگرتنی مینبەری مزگەوتەکان لەلایەن رابەران و هەڵسوڕوانی راپەرینەوە بۆ هاندانی جەماوەر لە جێگای وتەی مەلاکان و ژەهرڕێژکردنی کۆمەڵگە، مۆرکی ئینسانی و ئازادیخوازانەو کەنار خستنی ناسنامە قەومی و عەزمەتەڵەبی باڵەکانی بۆرژوازی ئۆپۆزیسیۆن و وەڵامدانەوەی بەکردەوە بە پرۆژەو دروشم و هەوڵەکانیان بۆ شەقکردنی نارەزایەتیەکان، خۆشباوەڕنەبوون بە درۆی ئەمریکاو غەرب، بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی جیهانی و بزوتنەوە ئازادیخوازەکان، گۆڕانی هاوسەنگی هیز بە سودی جەماوەری، پەرەگرتنی ترسی ڕژێم لە سەرەنگرێ بوون... ئەو دەستکەوتانەن کە تائیستا بەدەست هاتوون...



# فاتیح عەباس : کوشتنی مەهسا ئەمینی ئەو گرِە بوو کە تورەیی سەرتاسەری ئێرانی گەیاندە ترۆپك ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕی فاتیح عەباس چالاکوانی سیاسی سەبارەت بە" راپەرێنی خەڵکی ئێران و ئاییندەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە"

**بۆپێشەوە: گیان لەدەستدانی مەهسا ئەمینی، چۆن وا خێرا بووە هۆی چەغماغەدانی ڕاپەڕین و شۆرش لە ئێران؟**

**فاتیح عەباس:** بۆ تێگەیشتن لەو خرۆشان و راپەرینە دراماتیکیەی خەلک، دەبێ بروانینە ئەو هەلومەرجە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیەی ئێران پێیدا تێدەپەری.

گرفت و تەنگژەی ئابوری بەردەوام کە رووبەرووی ئێران بۆتەوە، سەرچاوە و سیمای دیاری تورەیی و نارەزایی کۆمەلایەتی زێدەی ئەو سالانەی دوایی، و ئەو زەمینە بەپیتەی کێشەکانی ئێستایە، تێکرای هەلاوسان لە ئەمسالدا 50%ی تێپەراندوە، و کورتهێنانی بودجە 21 ملیار دۆلارە، لە سالی 2022 بەپێی داتا و ئامارەکان 18.4% ی دانیشتوانی ئێران لە هەژاریەکی رادەبەدەر و پروکێنەر دەژین، لەکاتێکدا لە 60% ی خەلکەکە لە ئاستی هێلی هەژاری یان لەژێرەوەی ئەو هێلەن، سزا ئابوریەکان و مۆدێلی ئابوری بەرگری، و دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچەکە، بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەتایبەتی لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل و کەرەستەی خۆراکی و رستن وچنین سست و لاواز کرد و بنکەی بەرهەمهێنان و گەشەی ئابوری وێران کردوە، و ئابوری ولاتەکەش بەرادەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کردوە، رێژەی بێکاری لەناو ژناندا دوو ئەوەندەی پیاوانە، و لەناو گەنجانی نێوان 18 و 35 سالێدا، دەگاتە 77%، واتە 7.1 ملیۆن کەس، لە هەر پێنج ژن تەنها یەک ژن بەشدارە لە پرۆسەی ئابوری .

سەپاندنی سیستەمێکی حوکمرانی کۆنەپەرستی ئایینی لە شێوازی ویلایەتی فەقیە، و بێبەشکردنی بەشێک لە نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران لە ماف و داخوازیەکانیان، رێگریکردن لە ئازادیە سیاسیەکان، ناچارکردنی ژنان بە جۆرێک لە حیجاب و بالاپۆشی، ستەم و سەرکوت و هەلکوتانە سەر خەلک و زیندانیکردنی چالاکوانانی ئازادی، و گەندەلی، و بێبەشکردنی خەلک تەنانەت لە کاری رێکخراوەیی بۆ هەندێ چالاکی مرۆڤدۆستی و هاوکاری و ژینگەیی، و ترس لە نزیکبوونەوەی خەلک لە یەکتر، خەلکی هەراسان کردوە .

رەتکردنەوەی دەنگدان لە هەلبژاردنی رەئیسی، ئەوەی سەلماند خەلکی ئێران چیتر باوەر و متمانەی بەوە نییە هەلبژاردن لە ئێران گۆرانکاری بێنێتە کایەوە .

ئەمانە هەمووی بێزاری و تورەیی گەیاندە ئاستێک کە خەلکی ئێران بێ گوێدانە گرتن و زیندانیکردن لە جموجۆل و چالاکیدا بوون، لە سەرەتای ئایار ماموستایانی ئێران و کرێکاران دەستیان بە خۆپیشاندان و نارەزایی کرد، و داوای زیادکردنی کرێیان دەکرد، تا دواجار کوشتنی مەهسا ئەمینی ئەو گرِە بوو کە تورەیی سەرتاسەری ئێرانی گەیاندە ترۆپکە، ماموستایانی زانکۆ، و شار و گوند، و هەموو توێژەکانی ئێرانی چوار دەیەی رابردوو هەولی جێگیرکردن و چەسپاندنیانی داوە، ژنانی دوچاری زۆرترین ستەم و نایەکسانی و چەوسانەوە کردوە .

ئێستاش راپەرینەکە فراوان بووە، و سەرتاسەری ئێرانی گرتۆتەوە بەهەموو نەتەوە و پێکهاتە و مەزهەبەکانەوە، و ئامانجی خۆپیشاندەرانیش پرسی ژن و حیجابی تێپەراندوە بۆ کێشەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و مافەکان .

ئاشکرا لە دروشمەکانی خۆپیشاندەران هەستی پێدەکرێ، ململانێ و خەباتە دژی کۆنەپەرستی و ویلایەتی فەقیە و دەسەلاتی ئایین، بۆ دیموکراتیزە بوون و وەرچەرخانی کۆمەلایەتی، بەمەبەستی گۆرانی ریشەیی، ئەمەش ناوەرۆکی ئەو شۆرشیە دیموکراسیەی ئێرانە و هەولی بەدیهێنانی ئەرکەکانی دەدا، هاوشێوەی ئەوەی لە شۆرشی فەرەنسای سالی 1789 هاتە دی، و ئەوەی لە شۆرشی فبرایەری 1917ی روسیا روویدا، کە رێخۆشکەر بوو بۆ شۆرشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستی .

واتە ئەو راپەرینە دەیەوێ سیستەمی سیاسی بگۆرێ، و دەسەلاتێکی سێکۆلار لە جیاتی ئەوە بینا بکات، و دامەزراوەی دەولەتی لە دین جیابکاتەوە، کە ئەوە لە ئێران بە فشار و جولانەوەیەکی گشتگیری کۆمەلایەتی دێتە دی، بەشداری کارای کرێکاران، و زەحمەتکێشان، و ئازادیخوازان کە زۆرترین قوربانیان داوە لە ململانێی رابردوو، ئاراستەی گۆرانکاری بنەرەتی و ریشەیی بەهێز دەکا .

> ناسیونالیستی کلاسیکی کوردی کە پێگە و قورسایی خۆی لە دەستداوە، و تا رادەیەکی زۆر پەراوێز بووە، دەزانێ کە هێزی نوێ ئەو بۆشاییە سیاسیەی پڕ کردتەوە، و گەنجان و بەتایبەتی ژنان هێز و توانای راپەرینە نوێیەکەن، بۆیە دەیەوێ راپەرین و سەرهەڵدانی ئەوجارە لەو چوارچێوەیە بمێنێتەوە کە بەرژەوەندیەکانی ئەوانی تێدا پارێزراو، و رادیکال نەبێ، و گۆرانی ریشەیی بەدوای خۆی نەهێنێ، و خەلک نەبنە خاوەنی ئیرادە و بەشدار، بۆیە بانگەشە دەکا، دەیەوێ بەرگ و مۆرکێکی کوردی بەبەر کوشتنەکەی مەهسا ئەمینی، و بازار و سەودا بەو پرسە دەکات..

دژی ستەم و گەندەلی، خزاندە ناو ململانێی، و بەرپەرچی زۆرداری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەدەنەوە .

**بۆپێشەوە: بەشێک لە ناسیونالیستەکان دەلێن مەهسا ئەمینی لەسەر کورد بوونی کوژاوە، ئیوە لاتان وایە هۆکاری کوشتنی مەهسا ئەمینی کورد بوونی بووە، یان هۆکارەکەی ژن بوون و کاردانەوەی درندانەی پۆلیس مۆراڵ بووە بە ریعایەت نەکردنی حجابی ئیسلامی؟**

**فاتیح عەباس:** مەهسا ئەمینی کە کچێکی کوردە ، بە بیانۆی سەرپێچی لە یاسایەکی کۆنەپەرستانە و دژە ژن و مرۆڤایەتی کە یاسای سزادانی ئیسلامیە، و تایبەتە بە حیجاب و لە سەراسەری ئێران جێبەجێ دەکرێ، و بەپێی مادەی (638) لەو یاسایە لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقەوە دەست بەسەر کرا، و لەژێر ئەشکەنجە و ئازار گیانی لە دەستدا .

لە مێژە لە مانفێستۆی سالی 1948 ئەوە خراوەتە ڕوو کە چینی دەسەڵاتدار ژنان دەچەوسێنێتەوە، و دەیانکات بە هاونیشتمانیی پلەدوو لە کۆمەڵگەدا، لە ئێرانیش ئەورۆ دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی، لە سایەی ئەو یاسا کۆنەپەرستانەی کە لە

ناسیونالیستی کلاسیکی کوردی کە پێگە و قورسایی خۆی لە دەستداوە، و تا رادەیەکی زۆر پەراوێز بووە، دەزانێ کە هێزی نوێ ئەو بۆشاییە سیاسیەی پڕ کردتەوە، و گەنجان و بەتایبەتی ژنان هێز و توانای راپەرینە نوێیەکەن، بۆیە دەیەوێ راپەرین و سەرهەڵدانی ئەوجارە لەو چوارچێوەیە بمێنێتەوە کە بەرژەوەندیەکانی ئەوانی تێدا پارێزراو، و رادیکال نەبێ، و گۆرانی ریشەیی بەدوای خۆی نەهێنێ، و خەلک نەبنە خاوەنی ئیرادە و بەشدار، بۆیە بانگەشە دەکا، دەیەوێ بەرگ و مۆرکێکی کوردی بەبەر کوشتنەکەی مەهسا ئەمینی، و بازار و سەودا بەو پرسە دەکات..

**بۆپێشەوە: تایبەتمەندیەکانی راپەرینیی ئێستای خەڵکی ئێران چییە؟**

**فاتیح عەباس:** سیمای جیاکەرەوەی نارەزایی و راپەرینی خەلکی ئێرانی ئەوجارە مۆرکی گشتی و سەراسەری پێوەیە، نەتەوە و پێکهاتە و مەزهەبی تێپەراندوە، شار و گوند و مامۆستای زانکۆ و کرێکار و خوێندکار و زۆربەی توێژەکانی لەخۆ گرتوە، رق و تورەیی زیاتر لە چوار دەیە، هاوئاهەنگی زۆری بە راپەرینەکە داوە .

دوای مەشروتیەتی 1908 و چاکسازیەکانی موسەدەقی سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو، تایبەتمەندی راپەرینی ئەوجارە و قۆناخەکە، کە بە

یەکێکی تر لە خاڵە سەرەکی و جیاکەرەوەکانی ئەوجارە بەشداری کارا وکاریگەری ژنانە، دیمەنەکانی فرێدانی حیجاب، و قژبرینەوە و بەرزکردنەوەی وێنەی مەهسا ئەمینی، و وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، و هاوارکردن دژی یاسا ئیسلامیەکان کە ژنی کردۆتە کۆیلە و کۆت و بەندی بۆ داناوە، سەلمێنەری ئەو راستیەن کە پرسی ئێستا کە کایە و پانتاییەکی زۆری داگیرکردوە پرسی ژنانە کە نیوەی کۆمەڵگەیە، ئەو داکۆکیەی ئەورۆ لە مافی ژنان دەکرێ جۆرێک رادیکالی بە رەوتی راپەرین و ئاراستەکەی داوە، بۆ بەدیهێنانی کەلتورێک

> یەکێکی تر لە خاڵە سەرەکی و جیاکەرەوەکانی ئەوجارە بەشداری کارا وکاریگەری ژنانە، دیمەنەکانی فرێدانی حیجاب، و قژبرینەوە و بەرزکردنەوەی وێنەی مەهسا ئەمینی، و وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، و هاوارکردن دژی یاسا ئیسلامیەکان کە ژنی کردۆتە کۆیلە و کۆت و بەندی بۆ داناوە، سەلمێنەری ئەو راستیەن کە پرسی ئێستا کە کایە و پانتاییەکی زۆری داگیرکردوە پرسی ژنانە کە نیوەی کۆمەڵگەیە..

کە خواستی ملیۆنان کەسە کە دەیانەوێ بێنە سەر شانۆ و ژیانی خۆیان ئەنجومەن بکەن، سەرکەوتنی راپەرینەکە کاریگەری پۆزەتیف و گۆرانکاری گەورە لە رۆژهەلاتی ناوەراست بەدوای خۆی دێنێ .

**بۆپێشەوە: ئەم راپەرین و خرۆشانە جەماوەرییە، کۆتایی بەدەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی دەهێنێت، یان نا و هیشتا هاوسەنگی هێز بەو ئاستە نەگەیشتووە، کە دەسەڵات بروخێنێ؟**

**فاتیح عەباس:** کەلتوری بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و زۆرداری، ڕەگ و ریشەی مێژوویی لەناو کۆمەلگەی ئێراندا هەیە،

مەشروتیەت، و هێنانە سەر کاری موسەدەق، و دەرکردنی شاه، نمونەی دیارن، ئەگەرچی راپەرینی 1979 بە هاوکاری ئەمریکا و رۆژئاوا و دژە شۆرش لە بەرژەوەندی دەسەلاتی کۆنەپەرستی ئیسلامی یەکلابووەوە، کە زیاتر لە چوار دەیەی رابردوو، بێبەشی خەلک لە ئازادیە سیاسیەکان، و بێ مافی نەتەوەکانی ئێران، و نایەکسانی و هەلاواردن، و سەرکوت مۆرکی ئەو دەسەلاتە بووە، لە بەرامبەر ئەوە خەلک کۆلیان نەداوە، و بەرووی دەزگا داپلۆسێنەرەکان وەستاون .

**سەرکەوتنی راپەرین و شۆرشی گەلانی ئێران، گۆرانکاری گەورە لە رۆژهەلاتی ناوەراست، و کرانەوە و دیموکراتیزەبوون بەدوای خۆی دەهێنێت، رەوتی شۆرشگێری و ئاستی رادیکالیزم بەرەو پێش دەبا، و خەلك دەکاتە خاوەن ئیرادە و هێزی بەشدار، لە بەرامبەردا بلۆکی وابەستە و کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسی بێ پشتگیر و پەنا و بێ کاریگەر دەمینێتەوە ...**

لەو ماوەیە دوو توێژی گرنگی ژنان و گەنجان لەپاڵ هێزەکانی تری ناو کۆمەلگە، بە تەوژمێکی زیاتر خزاونەتە ناو ململانێ و بەیەکدادانی دژ بە دەسەلات، ئێستا ژنان چالاکانە هاتوونەتە گۆرەپانەکە، و کاریگەریان لەسەر رەوتی خۆپیشاندانەکان هەیە، گەنجان و نەوەی نوێش کە ئاشنای تەکنۆلۆژیای زانیارینە، لە جیهانی ئەمرۆدا کە گلۆبالیزم سنورەکانی کاڵ کردوە و ولاتانی دونیای بە ئێرانیشەوە تێکهەلکێش کردوە، دەزانن کە هیچ ئاسۆیەکیان لە داهاتوو لە بەردەستدا نییە، و زۆربەشیان بێکارن، دەستیان بە تێکۆشان و خەبات کردوە، ئەمە تایبەتمەندیەکی جیاکەرەوەی بەو راپەرینە داوە، هاوسەنگ و تەرازووی هێزی لە ململانێی دەسەلات و خەلکی راپەریوە بە سودی خەلک گۆریوە .

راپەرینی 1848 ی فەرەنسا رێخۆشکەر بۆ کۆمۆنەی پاریس، و شۆرشی 1905 و1907 ی روسیاش ئەزمونێکی پر بایەخی بەجێهێشت، کە شۆرشی ئۆکتۆبەری بەدواوە هات، خۆپیشاندان و هەلچونەکانی ئێستا، و پاشەکشە لە هەندێ ناوچە، و دووبارە خۆئامادەکردن و رێکخستنەوە و هەولدان بۆ گۆرانی هاوکێشە و هاوسەنگی، و پرکردنەوەی کەلێن و چارەسەرکرنی کەموکورتیەکان، وانەو پەندی نوێ بەشۆرشگێرەکان دەدا کە خاوەنی پرۆژەو بەرنامەی رۆشن و بەرامبەر هێزەکانی دژە شۆرش لە سەنگەرن، ئەم قۆناخەی راپەرین و خرۆشانە بەوە دەناسرێتەوە کە ترس و لەرزی لای خەلک نەهێشتوە، و ئەمجارەیان پێدەچێت بتوانی گۆرانکاری دروست بکات

**بۆپێشەوە: بەرەی کۆنەپەرستی و بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی هەراسانی راپەرین و شۆرشی جەماوەری ئیرانن، ئەمە بۆچی دەگەڕیتەوە؟ راپەرین و شۆرش لە ئیران، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیسلامیەکان دەبێت؟**

**فاتیح عەباس:** ئەگەر شۆرشی فەرەنسای ساڵی 1789 کاریگەری کردە سەر هەموو جیهان، و بنەمای شۆرشی دیموکراسی سەپاند، و شۆرشی ئۆکتۆبەر پەرەی بە بیری پێشکەوتنخوازیدا، و لە سەراسەری دونیا تەوژمی بە گروپ و رێکخراوە شۆرشگێریەکاندا، ئەورۆش لە ناوچەکە ئێران و تورکیا دوو پایە و کۆلەگەی کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسین، هەولی بەهێزکردنی هەژمون و بالادەستی دەدەن، دەیانەوێ وەک هێزی ئیقلیمی بناسرێن، ئیسلامیەکان لە ئێران بە هاوکاری رۆژئاوا گەیشتنە دەسەلات، و گروپ و هێزە ئیسلامیەکان گەشەیان کرد، و ئێران کەوتە هاوکاری مادی و پێدانی چەک و تەقەمەنی و راهێنانیان بۆ کەلک وەرگرتن لێیان و بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی و ئەجیندای خۆی، گروپە سیاسی و چەکدارانی حەشدی شەعبی لە عێراق و حوسیەکان لەیەمەن و دەیانی تر لە ولاتانی تر، ئەمانە هێزی فشاری ئێرانن لە ململانێی جیهانی و ناوچەکە و بگرە ناوخۆی ئێرانیش .

سەرکەوتنی راپەرین و شۆرشی گەلانی ئێران، گۆرانکاری گەورە لە رۆژهەلاتی ناوەراست، و کرانەوە و دیموکراتیزەبوون بەدوای خۆی دەهێنێت، رەوتی شۆرشگێری و ئاستی رادیکالیزم بەرەو پێش دەبا، و خەلک دەکاتە خاوەن ئیرادە و هێزی بەشدار، لە بەرامبەردا بلۆکی وابەستە و کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسی بێ پشتگیر و پەنا و بێ کاریگەر دەمینێتەوە، ئەگەر لەناویش نەچن لاواز دەبن، بۆیە ئەورۆ راپەرین و شۆرشی جەماوەری بەرەی کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسی هەراسان کردوە، تەنانەت ئەورۆ زلهێزەکانی دونیاش هەلوێستیان بەرامبەر ئێران نارۆشنە، و ئەوان هەست دەکەن ئەلتەرناتیڤ دیار نییە و یەکلانەبۆتەوە .

**بۆپێشەوە: رۆڵی چینی کرێکار لەم راپەرینەدا چۆن دەبینن و چ ئەرکێک لەسەر شانی چینی کرێکارە؟**

**فاتیح عەباس:** زیادبوونی هەلاوسان، و دابەزینی بەهای تومەن، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، و بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک و کالا، قەیرانی بەردەوام و هەلومەرجی سەختی ئابوری، ئاستی بێکاری و هەژاری و نەداری زێدەکردوە، چینی کرێکاری بە تەوژمێکی زیاترەوە هێناوەتە گۆرەپانی ململانێ، لە سەرەتای ئایار خۆپیشاندانی کرێکاران و مامۆستایان بۆ زیادکردنی کرێ دەستیپێکرد، لەگەل گیان لەدەستدانی مەهسا ئەمینی راپەرینەکە سەراسەری ئێرانی گرتەوە، بە تێروانینی سروشتی ململانێ و هێزە کاریگەرەکانی ناو راپەرینەکە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار چینی کرێکار لە ئێران وەک چینێکی سەربەخۆ و خاوەن دونیابینی هاتۆتە گۆرەپانەکە و خزاوەتە ناو ململانێ .

**ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار چینی کرێکار لە ئێران وەك چینێکی سەربەخۆ و خاوەن دونیابینی هاتۆتە گۆڕەپانەکە و خزاوەتە ناو ململانێ .**

**رۆلی چینی کرێکارە کە داخوازی و دروشمەکان، بە ئاقاری یەکسانخوازی و رادیکالی ببات، و قۆناخە مێژوویەکە کە یەکانگیرە لەگەل گەشە و رەوتی مێژوو لەبەرچاو بگرێ...**

رۆلی چینی کرێکارە کە داخوازی و دروشمەکان، بە ئاقاری یەکسانخوازی و رادیکالی ببات، و قۆناخە مێژوویەکە کە یەکانگیرە لەگەل گەشە و رەوتی مێژوو، لەبەرچاو بگرێ، لەگەل هێزە دیموکرات و شۆرشگێرەکان هەولی گۆرانکاری و بەدیهێنانی دەسەلاتێکی نوێ بدات لەسەر بنەمای شورایی و پرنسیپەکانی دیموکراسی، سیستەمی پلورالیزم، مافی ئازادی بیرورا، ئەمە بەلانی کەمەوە لە قۆناخی یەکەمی ئەو راپەرینە، شۆرش و راپەرین تەنها کاری تێکشکاندنی ئەو بەربەستانەیە کە رێگرن لە پێش گەشەی کۆمەلایەتی .

**بۆپێشەوە: سەرکەوتنی ئەم هەستان و راپەرینە لە گرەوی چیدایە؟**

**فاتیح عەباس:** بۆ ئەوەی ئەو نارەزایی و هەستانە بە ئاکام بگات گرنگە بزوتنەوەی نارەزایی، بەتایبەتی هێزە چەپ و رادیکالەکان خاوەنی دیدگایەکی رۆشن و دیار بن، رەنگدانەوەی بەرژەوەندی زۆرینەی خەلک بەتایبەتی خەلکە هەژار و نەدارەکان بێت، دەبێت بەرنامەی کاری هاوبەش هەبێ بۆ کۆتاییهێنان بەو دەسەلاتە، بە مەبەستی بە سیستەمکردن و بیناکردنی دامەزراوە، و هێنانەدی ئەرکەکانی قۆناخەکە لە چوارچێوەی شۆرشی دیموکراسی، کە تیایدا دەرگا لە پێش کرانەوە، و وەرچەرخان، و دیموکراتیزەبوون بکاتەوە، و چارەسەری پرسی مافی نەتەوەکانی ئێران، و ژنان بکات .

دیسان دروستکردنی هاوپەیمانی، و کۆکردنەوەی هێزە شۆرشگێر و دیموکراتەکان لەسەر بەرنامەی لانی کەم گرنگە، لەگەل وریایی و بە ئاگابوون لە هێزەکانی دژە شۆرش، کە زیاتر هێزە ناسیونالیستەکانن، و ئەورۆ بە راپەرینەکەوە لکاون، و نایانەوێ پایەکانی ئەو دەسەلاتە بروخێت، خوازیارن لە نزیکترین دەرفەت، هاوشێوەی شۆرشی 1979شۆرشەکە بەلارێدا ببەن، و بازار و سەودا لەگەل دەسەلات بکەن.

بەهۆی ئەوەی ئێران ولاتێکی فرە نەتەوە و پێکهاتەیە، دەبێ هەستی ناسیونالیستی نەوروژێنرێ، راپەرین ئەو فرەییەی ئێران ببێتە سەرچاوەی هێزی نارەزایی، نەک ململانێ، و پارچە پارچەبوون و دەمارگیری نەتەوەیی کە دەسەلات کاری بۆ دەکا، و بانگەشەی ئەوە دەکات کە رۆژئاوا و ناوخۆ کار بۆ دابەشکردنی ئێران دەکەن .

سەرکەوتنی ئەم راپەرین و خۆپیشانەی ئەم دواییە پەیوەستە بەبەردەوامی، و فرەوان بوونی زیاتری کایە و گۆرەپانی ململانێ، و سەراسەری بوونی، ودروستکردنی ناوەندی بریار، و بە رێکخراوکردنی شێوازی خۆپیشاندانەکان لە تەواوی شارەکاندا، و بەشداری چالاکانەی ژنان و گەنجان کە بێمافترین دوو توێژی کۆمەلگەن، و لە ژێر ستەم و فشاری زۆری دەسەلاتن، و راپەرینی ئەوجارە سەلماندی ئەوانیش ئامادەی رووبەرووبوونەوەن، و لە خەبات و تێکۆشانن بە هەماهەنگی هێزەکانی تر بۆ روخاندن و تێکشکانی ئەو دەسەلاتە سەرکوتە ئیسلامیە، و نزیک بوونەوە لە سەرکەوتن...

**ئەم راپەڕین و هەستانە جەماوەرییە، کە درێژکراوەی راپەرین و هەستانە جەماوەرییەکانی پێشوترە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراوە کە گەیاندویەتی بە ئێستا و جێگا ئومێدی بەرینی دنیا. سەراسەری بوونی هەستان و راپەرینە جەماوەرییەکە بەجۆرێکە کە هەموو شارو شارۆچکەو تەنانەت بەشێکی زۆر لە دێهاتەکانییشی گرتۆتەوە. هەروەها سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆرشگێرەکان تیایدا بەشدارن، کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، لاوان، خوێندکاران، خانەنشینان...تاد. هەروەها بوونی هاوئاهەنگی لە نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بەشەکانیدا، باڵادەستی دروشم و داخوازی سەراسەری و رادیکاڵ و پێشکەتنخوازانە و کەم رەنگی و لاوازی ناسنامە مەحەلی و ناسیونالیستی و میللیەکان. درێژەکێشانی راپەرین و بەردەوامیەکەی کە لە مانگ و نیوێك نزیك دەبێتەوە. لاوازی رۆڵ و نەخشی ئەمریکاو غەرب و هیزەکانی دژە شۆرش... ئەمانە بەشێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی هەستان و راپەڕێنی ئەمجارەی جەماوەری بێبەشی ئیرانن...**

## درێژەی...دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف ...

روخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، پاشەکشەیەکی گەورە بەدەوری ئیسلامی سیاسی دەکات لە ناوچەکەدا، هەر پاشەکشەپێکردن و لێدانێک لە کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕێکی وەها لە ناوچەکەدا فەراهەم دێنێت کە ڕەوتی رادیکالی و ئازادیخوازی و ئینساندۆستی لە ناوچەکەدا چەندین هەنگاو دەچێتە پێشەوە، چونکە بونی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامی دەردو شێرپەنجەیەکی تەواو قێزەون و سامناکە بۆ ناوچەکە بەتایبەتی و بۆ جیهانیش بەگشتی، کۆتایی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی شۆڕشەوە حاڵەتێکی وەها ڕانەوەستانی دەبێت کە پریشک و شەپۆلی خۆی دەگەیەنێتە تەواوی ناوچەکەو ئومێدی ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی پێشڕەوانە دەرخسێنێت.

**بۆپێشەوە: سەرکەوتنی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئیران لەگرەوی چیدایە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** ئەم راپەرینە هەر لەسەرەتاوە سەرکەوتنی خۆی بەدەست هێناوە، سەرکەوتن بەومانایەی توانیویەتی گورزێکی گەورە لە ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و هێماکانی بسرەوێنێت، لەلایەک پاشەکشەیەکی گەورە بە ئیسلامی سیاسی کردوە لە ئێراندا، لە لایەکی تریشەوە ڕیزێکی بەرین لەژنان هێمای ئازادی و ڕزگاریان بۆ ژنان لە ئێراندا بەدەست هێناوە و شکۆی کۆماری ئیسلامیان لە ئاستی جیهاندا شکاندووە، سەرکەوتن بەومانایەی ئەم بزوتنەوە جەماوەریە نەوەستاوە، حجاب وەک شکاندنی شکۆی هێمای ئیسلامی سیاسی فڕێدراوەو سوتێنراوە، بە ڕیزی ملیۆنی لە جیهاندا پشتیوانی ئەم بزوتنەوەیە دەکرێت، لە مێژوی ٤٣ساڵی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بودەڵەیی و زەلیلی بەم جۆرەی بە خۆوە نەدیوە، بەمانایەک دەتوانین بڵێین بۆ سەرکەوتنی کۆتایی واتە لە ئێستادا روخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە هەڵمەتی زیاتر و ڕێکخراوبون و بەرزبونەوەی ئاستی نارەزایەتیەکان بە حزوری ملیۆنی لە ناوەندەکانی شارو پەکخستنی تەواوی جومگەکانی پێکهاتەی دەسەڵات، رابەرانی کۆماری ئیسلامی ناچار بە خۆرادەستکردن یا ناچار بە هەڵاتن دەکات.

## درێژەی...کۆنگرەی ١٤ای پارتی، مانەوەی گرفتەکانی بەردەم دەسەڵات!

یەکەم" ی کوردستان و عێراق وناوچەکەیە.. کەچی دروشمی ئازادی بدەیت؟ ئایا کەس دەستی گرتون ئازادی سەقامگیر کەن؟ دیموکراسی و دادپەروەری زامن بکەن؟.

لەڕاستیدا ئەوەی پارتی مەبەستیەتی لەهێنانی ئەم دروشمەدا، هەرئەوەیە کەهەق بەخۆی بدا مامۆستای ناڕازی لەشەقامدا بداتە بەرشەق، هەڵسوڕاوانی بادینان زیندانی بکا و هەرکەس مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەی بوو بیخاتە ناو زیندانەوە. تانەنەت لەناوجەرگەی زانکۆدا خوێندکارو مامۆستا بفڕێنێ. دیموکراسیش هەرئەوەیە کە هەرکات پارتی ویستی دەرگای پەرلەمان و حکومەت دابخاو سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکان بنێرێتە ماڵەوە ودەنگدان و هەڵبژاردن دوابخا وکارمەندانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنیش لەزۆرینەی ئەندمانی خۆی پێک بهێنێ. دادپەروەریش هەرئەوەیە کەلانی کەمی موچەی کرێکارێک بە ٣٥٠ هەزار دینار بکاتە یاساو لەموچە ببڕێ وخۆی لەدامەزراندنی گەنجان بدزێتەوە ودەرمان و خوێندنیش وەک کاڵایەک بخاتە بازاڕەوەو سەرەنجام کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەرداتە گیانی خەڵک و بێبەزەیانە کرێکاران و کارمەندان بچەوسیننەوە.

بەڵام کۆنگرەی ١٤ی پارتی بەدەر لەو هاژوهوژەی کەناڵی روداو و میدیاکانی پارتی و کادرە موڵەتپێدراوەکانیان کردیان، بەدەر لەوەی کەسەرانی نێو خێزانی بەرزانی و سەرکردایەتی پارتی بەگوێی ڕای گشتی خەڵکی کوردستانیاندا، تەنانەت بەدەر لە پەیامی پیرۆزبایی و هیواخوازانەیەی کەیەکیتی وحزبەکانی تر بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە دایان، ئەگەر سەرنج لەڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرە بدەین ئاوا کێشە وگرفتەکانی بەردەم سیستەمو دەسەلاتێک کە بۆرژوازی کورد لەگەڵی بەرەو ڕووە، بەدەست لێنەدراوی و بێ وەڵام تێپەراندوە.

ئابوری کوردستان بەکوێ دەگات، ئایا کۆمپانیاکان هەر دەدزن و هەر راوروتی خەڵک دەکەن؟ ئایا خۆدزینەوەی حکومەت لەدابینکردنی کارو خزمەتگوزاریەکان وسەپاندنی کرێی کەم باج وخەراجدا، دەتوانێ ئابوریی کوردستان لەو قەیرانە ئابوریەو لەو چاوەڕوانیەی کەتێیدا چەقیوە دەرکێشێ؟ ئایا فرۆشتنی نەوت و گازی هەرێم، بەوجۆرەی کەلەپشتی حکومەت و وەزارەتەکانیەوە، لەلایەن پارتی و یەکیتیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، دەتوانێ ئابوری کوردستان بخاتەسەر قۆناغێکی بوژانەوە؟

ئەمانەو دەیان پرسیار و گرفتی قوڵی تری سیاسی و ئابوری و ئەمنی و حقوقی و ناوچەیی یەخەگیری دەسەلاتی بۆرژوازی کوردە، دەسەڵاتیش دەمێکە ئەوەی خستۆت روو کە ناتوانێت وەڵامدەرەی ئەم گرفتانە بێت، کۆنگرەی پارتیش لەو نمایشە حزبی و بنەماڵەییەدا، ئەوەی نیشاندا، کەزۆر لەخوار ئەو ئاستەوەیە کە بتوانێت وەڵام بەو گرفتانە بداتەوە، بەتایبەتیش بن بەستە لەوەی بتوانێت بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری جڵەو یان پاشەکشەی پێ بکات، کە بەکردەوە چەند ساڵیکە هاتۆتە مەیدان و خواستی راماڵینی دەسەڵاتی کردۆتە قیبەلەنومای ڕزگاری لەدەست زوڵم و بێمافی و نابەرابەری و سەرکوت...

**درێژە کێشانی خۆپیشاندانەکانی شارەکانی ئیران و ڕەوتی ئەم نارەزایەتی و ڕاپەڕینە سەراسەرییە و ڕۆڵی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەڕۆکی شۆڕشگێرانەی هەستانی جەماوەری لە ئێران و ئەو دەستکەوتانەی تا ئێستا بەدەستی هێناوە، ڕەوتێکە گەرانەوەی بۆ نییە ...**

## درێژەی دوا وتە

پارتی و بنەماڵەی دەسەڵاتخوازەکەی دەکات... ململانێی داهاتووی نیوان ئامۆزاکانە و پێویستە کۆنگرە ئەو هەرەشەو مەترسیە، لەبەرچاو بگرێت. دیارە کەدەڵێن کۆنگرە دیسان بنەماڵەی بارزانی سەنتێزی بریار و خستنەرووی نمایشی کۆنگرەو ئایندەی کۆنگرەو پارتین.
جوڵەکان و بەشدارییەکانی ناو کۆنگرە، ئەوەندەی بینراو نمایشکرا، جوڵەو بەشداری یەکلاکەرەوەی بنەماڵەو ئامۆزاکان و چەپڵەو سەر ڕاوەشاندنی هەزاران کادری بەشداری کۆنگرە بوون. هیچ ئەمما و ئەگەرێک... چەند و چونێک... لە کۆنگرەدا نەبوو.
ئەگەر پارتی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی دوانەی یەکتری بن و بزوتنەوە کۆمەلایەتییە سیاسیەکان و حزبە سیاسیەکان دەرهایشتەی سروشتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بن... ئەوا بەرۆشنی ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لە روانگەی پارتییەوە و لەڕێگای کۆنگرەوە، ئەو راستیەی خستە ڕوو، کە دەسەڵاتی سیاسی داهاتوو هیچ تەبایەکی لەگەڵ دەسەلاتێکی مۆدێرن نییەو بەهەموو پێوانەیەک دەسەڵاتی بنەماڵەیی پیرۆزترین و لەسەروی دەست لێنەدراوەکان و تابۆکانە، ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەحزابی سیاسی بۆرژوازی کورد خۆیان کۆسپن لەبەردەم هەر بەرەوپیشەوە چونێکی کۆمەڵگە و ڕێگرن لەهەر دەسەلاتێک کە مافی هاولاتیبوون و شارستانیەت بە مەبنا وەربگرێت.
زوربەی هەرەزۆری کۆنگرەو کۆنفرانسی حزب و ڕیکخراوە سیاسیەکان، بە بریارە سیاسیەکانیان، پرۆژەکانیان، سەرخەتی ئەرکەکانیان، پەیامەکانیان... دەناسرێنەوە، کەچی کۆنگرەی پارتی تا ئێستا لەوبارەیەوە هیچی نەخستۆتە روو. نەخستنەڕووی هیچ نەخشەڕیگاو پلاتفۆرمێکی سیاسی دیاریکراو لە کۆنگرەی پارتیدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە کۆنگرە زۆتر نمایشێکی سیاسی و خۆنواندنی بنەماڵە و جیگرکردنی ئەلگۆی گوێزانەوەی دەسەلات بوو بەشیوەی ستونی و سوێندخواردن بوو بە پیرۆزی بنەماڵەی بارزانی و هەوڵی بەنەخشەی بارزانی بۆ ریگری لە لێکترازانی بنەماڵەو قڵشت.
لە کۆنگرەی پارتییدا هەوڵیاندا پارتی وەکو هێزی یەکەمی کوردستان نیشان بدەن و لەوەش زیاتر ئەوەیان راگەیاند کە دەیانەوێت پارتی لەهێزێکی گەورەوە!! بگوازنەوە بۆ حزبی رەهای دەسەلات لە هەرێمدا... ئەوە لە کاتێکدایە، لە دواین هەڵبژاردندا چ پارتی و چ حزبەکانی تر کەمتر لە ٢٠% دەنگی خەڵکی کوردستانیان بەدەست هێناوە و ٨٠% خەڵکی کوردستان بە بایکۆت و بەشداری نەکردن فاتیحای دەسەلاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیان، خوێند و لە ئاستی شەقامیشدا تا دێت تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بەرەو هەڵکشان دەچێت و هەر ئەو داکشانە جەماوەریەشە، ڕیگەی نەدا پارتی و یەکێتی مل بە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بدەن و ناچار بوون ماوەی پەرلەمان و دەسەلاتیان درێژ بکەنەوە.
ئەگەر ئینسان لە روانگەی کۆنگرەی پارتی و حزبەکانی تری بۆرژوازی کوردەوە بڕوانێتە ئاییندەی سیاسی کوردستان، بە سادەیی دەتوانێت ببینێت، کۆمەڵگە لەبەردەم چ کابوسێکدایە... حزبێک نوزەیەک لە ئازادیخوازی و هەنگاوێک بەڕووی کرانەوە و پرۆژەیەکی رۆشن بۆ ئاییندەی سیاسی کوردستان و پەراوێزێک بۆ ئازادییەکان و مافەکانی تاک، نەخاتە ڕوو، لە جێگای ئەوە پیرۆزی بنەماڵە و درێژەدان بە سیستەمی ویراسی لە دنیای ئەم سەردەمەدا نمایش بکات، دەبێ جەماوەری کوردستان چ ئاییندیەک لەبەردەم خۆی ببینێت... ئەوە لە کاتێکدایە بەشیک لە نارەزایەتی خەڵکی کوردستان رووی لەدەسەلاتی بۆماوەییە.

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

خەسرەو سایە، توانا حەمە نوری، شەماڵ بارەوانی، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، ئارام حەسەن، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، ئاراس رەشید ،حەکیم میرزا،جەمال نوری،سەردار عەبدوڵا حەمە...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...

# Forward

## هێرش و بۆردومانی چەند بارەی بنکەو بارەگاکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پەلەقاژەی مەرگی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامییە!!

١٤ی ئەم مانگە جارێکی تر دەسەڵاتی پایە لەق بوو و لەرزۆکی ئاخوندەکانی ئیران کەوتنە بۆردومانی بنکەو بارەگای بەشێک لە حزب و رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە بنکەو بارەگایان لە کوردستانی عێراقدا هەیە. لە ئاکامی ئەم بۆردومان و هیرشەدا کە بە درۆن و کاتیۆشا ئەنجامدراوە، چەند کەس گیانیان لەدەستداوەو چەند کەسێکیش بریندار بوون و دانیشتوانی کەمپەکان و کەسوکاری هیزە ئۆپۆزسیۆنەکان ئاوارەبوون و ترس و دڵە ڕاوکێ خەڵکی نزیکی ئەو ناوچانەی گرتووە و زەرو زیانێکی مادی زۆریش بە بنکەو بارەگای حزبەکان و ماڵ و موڵکی خەڵکی ناوچەکە گەیشتووە.



هیرش و پەلاماری وەحشیانەی جمهوری ئیسلامی بۆسەر بارەگاو بنکەکانی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی چاوەڕوانکراو بوو، رژێمی سەرمایەداری ئیران کە خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری و راپەرین خەریکە پێ دەنێتە دوو مانگەوە و تا دێت بەرەو فراوانتر بوون و گەورەبوونتر دەچێت، دەسەڵاتی نەنگێنی سەرمایەی لە ئیران خستۆتە لەرزە. هاوسەنگی هێز بەسودی جەماوەری راپەڕیوو گۆڕاوەو تادێتیش پشتیوانی لەم راسانە جەماوەرییە لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەو دنیادا بەرەو سەر دەچێت.

جمهوری ئیسلامی ئێران لە رێگای ئەو هێرشانەوە دەیانەوێت ئەو پەیامە بگەیەنن کە خۆپیشاندان و راپەڕینی جەماوەری لەناوخۆی ئێراندا، پەیوەندی بە هیزە ئۆپۆزیسیۆنە چەکدارەکانەوە هەیەو دووره لە بزوتنەوەی راپەرینی جەماوەری کە ریشەی لە نابەرابەری ئابوری و بیکاری و گرانی و سەرکوت و بیمافی و هیرشی بێپسانەوە بۆسەر سفرەی کریکاران و خەڵکی زەحمەتکیش و ژنان و لاوان و مافە فەردی و مەدەنیەکانەوە هەیە.

سەرانی ترس گرتووی رژێمی ئێران دەیانەوێت، هەستان و راپەرینی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتەکەیان کە سەرپای شارەکانی ئێرانی داگرتووە، و بەرەو هەڵکشان دەچێت، بەلاواز و ئاژاوەی دوژمنانی ئیسلام نیشان بدەن و سەرنجی دنیا لە ناوخۆی ئیران بگوازنەوە بۆ سەر سنورەکان و ململانێیان لەگەڵ هیزە کوردییە چەکدارەکان.

هیرش و پەلاماری وەحشیانە بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی، جێگای ئیدانەی جەماوەری راپەریووی ئیران و کوردستان و هەموو حزب ولایەنێکی سیاسی و جەماوەری و ئازادیخوازە، و پێویستە بەهەموو شیوەیەک لەلایەن خەڵکی کوردستانی عێراق و خەڵکی ناوچەکەوە هاوکاری بکرێن و دەسەڵاتی سیاسیش، رێ و شوێنی خیرا بۆ پاراستنی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیران و بنکەو بارەگاکانیان بگرێتە ئەستۆ. هەروەها دەبێ بزانین کە ئەم هیرشانەی جمهوری ئیسلامی بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی، هاوکات هیرشە بۆسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان و پیشیلکارییەکی ئاشکراو ژێرپێخستنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانە و دەبێ بەروویدا بوەستنەوە.

ئەم هیرشابە ناتوانێت راپەرینی ئیستای خەڵکی ئیران خاوبکاتەوە جەماوەر چاوترسێن بکات، بەڵکو تورەیی و نەفرەتی جەماوەری لەوەی ئیستا زیاتر هەیە، زۆرتر دەکات.


ئەم هیرش و پەلامارانەش کە پیشبینی دەکرێت بەردەوام بن و زیاد بکەن و شێوەی تر بگرنە خۆ، چ لەدەرەوەی ئیران و سەرسنورەکان و چ لەناوخۆی ئیراندا، نیشانەی لاوازی و داماوییە لەبەرامبەر بە راپەرینی ملیۆنی خەڵکی ئیراندا و پەلەقاژەی مەرگە.

دوا وتە

## کۆنگرەی پارتی هەڵگری چ پەیامێک بوو؟

### عەبدوڵا مەحمود

سەرەتای ئەم مانگە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی چواردە هەمینی خۆی لە شاری دهۆکدا بەست... بەرجەسترین رووداوەکانی کۆنگرە دەستپێک و کۆتایی هاتنی کۆنگرە بوو. دەستپێک وتاری کردنەوەی کۆنگرە لەلایەن مەسعود بارزانییەوە بوو کە وەسیەتی مستەفا بارزانی باوک بۆ کوڕەکانی بوو، کە دەبێ یەک گیان بن لەدوو جەستەداو پشتی یەکتری بگرن و تەواوکەری یەکتری بن. دواتر بارزانی نیچیر بارزانی وەکو جیگری خۆی



ناساند و پاشان نێچیر بارزانی مەسرور بارزانی وەکو جیگری خۆی یان جێگری دووەم ناساند... چ داهێنانێکە؟! ئەم نمایشە لەسەرەتای کۆنگرەوە نمایشی دەسەڵاتی بنەماڵە بوو بۆ چەسپاندنی ئایندەی دەسەڵاتی بنەماڵە لە پارتیدا و داخستنی پۆستی سەرۆکی پارتی بۆ هیچ کەسێکی تر جگە لە بنەماڵەی بارزانی. هەروەها هەوڵێکی بەنەخشەی بنەماڵە بوو، بە ئاقاری کونبڕکردنی هەر درزو کەلێنێک کە لەنێوان ئامۆزاکاندا روویدات. نابی ئەوەشمان لە بیربچیت کە ئەم کۆنگرەیەیە جێگایەک بوو بۆخستنە رووی وەسیەتی ئاشکرای بارزانی بۆ کوڕ و برازاکەی کە پشتی یەکتری بگرن و بۆیەک بژین و بمرن.

هەروەها کۆتایی کۆنگرە بە هەمان شێوە، پێداگری بارزانی لەسەر وەسیەتی پێشوو باوکی و خستنەرووی مامەڵەی باوک لە گەڵ برازا و برازا لەگەڵ ئامۆزا، بوو، کە وەکو مژدە وسەرەتای ئومێدی بۆ تەبایی ئامۆزاکان خستیە ڕوو... بەجیا لەم پەیامە روونە بۆ بەرگرتن بە قڵشتی نیوان نیچیر بارزانی و مەسرور بارزانی دوای مەسعود بارزانی... هیچ لایەنێکی تری بەرجەستە لە کۆنگرەدا بۆ نمایش کردن بوونی نەبوو.

لەناو دڵی دەیان گرفت و کیشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و حقوقی و نادیاری ئایندەی سیاسی کوردستان، کیبەرکێی نیوان لایەنە سەرەکیەکانی دەسەڵات لە هەرێم، ململانێی هەمیشەیی هەولێر و بەغدا، دەستێوردانی نەپساوەی وڵاتانی ناوچەکە لە هەرێمدا... هیچ سیاسەت و بریار و پرۆژەیەکی دیاریکراو نەخرایە ڕوو، وە جێگای گرنگی پێدانی بەرجەستەی کۆنگرە نەبوو بە بەراورد بە کیشەی داهاتووی رابەری پارتی و تەبایی نێوان ئامۆزاکان. ئەوەش ئەو راستیەی لە زمانی مەسعود بارزانییەوە خستە ڕوو، ئەوەی هەرەشەی سەرەکی لە

بۆ لاپەڕە 14

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح

